کۆمەڵە چیرۆکی فۆلکلۆری

ڕێوی جامقولیباز



هەڵبژاردن و وەرگێڕان: ئەنوەر ناسری

ڕێوی جامقولیباز

ڕێوی جامقولیباز

هەڵبژاردن و وەرگێڕان:
ئەنوەر ناسری (ئاسۆ)

بڵاوکراوەی زانستی کوردستان
١٣٩٣

سرشناسه	ناصری، انور، ۱۳۶۷ -
عنوان و نام پدیدآور	ربوی جامقولیباز / هەلبژاردن و وەرگیران ئەنوەر ناسری(ئاسو).؛ وینەکیش: سەمیرا رەشنەواز.
مشخصات نشر	سنندج: انتشارات علمی کالج، ۱۳۹۲
مشخصات ظاهری	۱۲۰ ص.: مصور.
شـابک	۰-۰۸-۷۱۶۸-۶۰۰-۹۷۸
وضعیت فهرست نویسی	فیپا
یادداشت	کردی.
یادداشت	عنوان به فارسی:روباه مکار
یادداشت	گروه سنی:ب.ج.
موضوع	داستان‌های کوتاه
موضوع	داستان‌های حیوانات
رده بندی دیویی	دا۱۳۹۲ر ۱۷۲ن۸۰۸/۸۳
شماره کتابشناسی ملی	۳۳۶۴۶۱۴

لەستێلوو
زمانی کوردی ڕازە
شمارە ثبت: ۳۰۵

ناوی کتێب: ڕێوی جامقولیباز / هەڵبژاردن و وەرگێران: ئەنوەر ناسری (ئاسۆ)

وێنەکێش: سەمیرا ڕەشنەواز / گرافیک: دەریچە

بەخشانگای زانستیی کالێج / بەڕێوەبەر: کەیوومەرس کەرباسی

پیتچنین و ڕازاندنەوەی لاپەڕەکان: سنە ڤیان کامپیوتر / ڕووبەرگ: ئەسرا مەردۆخی

نۆرە و ساڵی لەچاپدان: چاپی یەکەم-(بهار ٢٧١٤) ١٣٩٣ / ئـەژمـار: ٢٠٠٠ بەرگ

نـرخ: ٤٥٠٠ تمەن

مرکز پخش: سنندج، سه راه ادب، مجتمع تجاری کردستان، طبقه همکف، واحد ۱۶۱و ۱۶۲
تلفن: ۳۲۲۹۱۰۸۶ - ۳۲۳۷۲۳۷ ۰۸۷۱ فکس: ۳۲۳۵۷۹۶ ۰۸۷۱

انتشارات علمی کالج

ئەم بەرهەمـە پێشـکەش دەکـەم بـە دوو مامۆسـتای بەڕێزم کە زۆر یارمـەتیمیان دا و هیـوادارم تـوانیبێتم وڵامـی چاکـەیانم دابێتـەوە: مامۆسـتا «عـەدنان بەرزنجی» و کاک «مەزهەر ئیبراهیمی».

پێرست

پێشەکی:

یەکێ بوو یەکێ نەو لە خوا گەورەتر کەس نەو، لە بەنە درۆزنتر نەو، لە قالاو ڕوورەشتر نەو، کۆسە مرد کفنی نەو، کفن لە کاشانوو، ڕێی کاشان ڕێبەنانوو، گاسوور مەلەوانوو، ئەمەیشە گنە ئەوەیشیە گنە، گەلالیە، شێخ ئیسماعیلیە، سێفەوەنە، بلیلەوەنە، قیتکەوەنە، هەرێز و لەولاو چووە نووچەوە، کەڵەگا لە برسیەتیا چووە ڕیچەوە، هەرێز و لەولاو بە یەکا هەڵچوو، بزن لە برسیەتیا گیانی دەرچوو، قوتە وە فیکە مەلاتی چڕی، کەڕەواڵە دەرهات جووچکەیان بڕی، وادی بە وادی، تەختە مورادی، خواجە و قەمەر، عەلی نەزەر، دەشتی گردە بەر، تا ڕۆژی مەحشەر. عەلی نەزەر، خواجە و قەمەر، گوڵ و گوڵسان، باخ و بۆسان، تایلە و مایلە و گالە و دڵخوازی لە بێخ دار زریشکە، گارەگار مریشکە، مەکەمەکەی کەنیشکە، حاتەحات کەوریشکە، هەر لە دۆم گەزگەز، تابان شاسەیوان داگیری کردگە عەزە قولیخان، وە ئەرواح ناکەم وە شای

قەمەروەیس، مەحموو پاوشای کوشت کوڕ عـەزەی شـاوەیس، جـا بـووە قاوە قاو، بووە قیڕە قیڕ، سەراپەردەی حاکم گەییە سـەراو سـەرەنێر. لـە وڵات ئێمە پاوشـایک بـوو، پاوشـایش کەنیشـکێکی بـوو، تـا بـاڵای بـوو پەلکەی بوو، ئاوی ئەخوارد لەبەر ناوکیا گیری ئەخوارد، وە گیـان ئـابرای قەسەمی ئەخوارد، کوتەکێ هەڵگرین بەین لە خـرت ملـی، یـان قشـڵاخ نەورۆز، یان خاناقولی.[1]

هەندێ لە ئەندامانی ڕاژە و بە تایبەت کاک ئـەنوەر ناسـری بیریـان لـەوە کـردەوە کـە زنجـیرە کـارێکی پـڕ بایـەخ ئامـادە بکـەن و وەک پرۆژەیێکی مانا و شیاو، درێژە و پەرەی پێ بدەن. جا چ لەوە باشـتر کـە ڕوویان کردە ئەدەبیات و لە ناو ئەدەبیاتیشدا ئاوڕیان دایەوە سـەر ڕۆڵـی گیانداران.

وەک دەزانین مـرۆڤ، سـروشـت و گیانـداران بـە درێژایـی مێـژوو، پێوەندییێکی ئێجگار قووڵـیان لەگـەڵ یـەک هـەبووە. ئینسـانەکان لـەم پێوەندییەدا زۆر شت لە گیانداران و سروشت فێر بوون. ژیـانی مرۆڤـەکان بە بێ‌سروشت و گیاندارانی‌تر بێ‌مانایە، هەر بۆیە ئەدەبیاتیش بە بـێ ئـەو دوو دیاردەیە نەیتوانیوە بگیرسێ. سروشت و گیانداران شـان بـە شانی مـرۆڤ لـە بەشـە جۆربـەجۆرەکانی ئەدەبیاتـدا ڕەنگیـان داوەتـەوە. لـە سروشتدا کێو، باران، با، درەخت، گیا و هـەور و لـە گیاندارانیشـدا شـێر، گورگ، ڕێوی، هەڵۆ، قەل، کەر و هەندێ ئاژەڵی‌تر دەورێکـی بـەرچاویان

١- وەرگیراو لە کتێبی چیرۆکی فۆلکلۆری ناوچەی ئەردەلان «عەدنان بەرزنجی».

هەبووە. هەر بەم پێیە لە قۆناخی یەکەمی ئەم پرۆژەیەدا چوار خاڵ جێی سەرنجە.

١- ئەم کارە بەرکوڵێکە لەم پرۆژەیە و تەنیا داگری هەندێ چیرۆک و حەکایەت و نەقڵی فولکلۆرە.

٢- ئەم کارە لە هەندێ سەرچاوەی نووسراو وەرگیراوە و پاشان وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی کوردی.

٣- ڕێوی هەمەکارەی چیرۆکەکانە.

٤- قەڵەم، قەڵەمی یەکێ لە ئەندامانی کارا و چالاکی ڕاژەیە بە ناوی ئەنوەر ناسری.

- **خودی چیرۆکەکان**

لە ئەنستیتوو ڕاژەدا خولێکی فێرکاریمان هەیە بە ناوی خولی وەرگێڕان، لەم خولە فێرکارییەدا بەو شێوەیە کار دەکەین کە سەرەتا تیئۆرییەکانی وەرگێڕان وەکوو وانە دەوترێتەوە و لە پاشان کاری وەرگێڕان وەکوو کارێکی عەمەڵی دەس پێ دەکا. لە یەکێ لەو خولە فێرکاریانەدا کە ساڵی ٢٧١٢ی کوردی دەستی پێ کرد، برامان کاک ئەنوەر ناسری وەک یەکێک لەو کەسانەی کە بەشداری خولەکە بوو وردەوردە خۆی نواند و پەیمان بەوەی برد کە بۆ وەرگێڕان دەتوانێ کەسێکی باش بێت و باشترین دەقێکیش کە دەبێ وەریبگێڕێ فولکلۆرە. بۆیە لەسەر حەزی خۆی و داوای ئێمە ئەم کارە دەستی پێکرد؛ جا ئیتر ئەنوەر خوا بیپارێزێ ئەوەندە بەدوای کاردا دەڕوات تا

پێی دەگات، زۆر کتێبی پشکنی و زۆر لاپەڕەی دا لاوە تا ئەم چەند چیرۆکەی دۆزییەوە.

چیرۆکەکان تەنیا داگری داستانی نەتەوەیێک نین، بەڵکوو چیرۆکی کوردی، فارسی، ئازەری و... تێدا دەبیندرێ.

- **وەرگێڕانی ئەم کتێبە**

وەک ئاماژە کرا ئەم کارە تەنیا گوڵبژێرێکە لە هەندێ چیرۆک کە زۆرتر بە زمانی فارسی نووسراون و لە فارسییەوە کراون بە کوردی. زمانی وەرگێڕ لەم کارەدا زۆر ڕەوانە، بەڕاستی دەتوانم بڵێم ئەو پردەی کە دەبێ لە نێوان نووسەر و خوێنەردا بێت وەرگێڕ بە باشی دروستی کردووە، لە هەمان کاتدا زمانی وەرگێڕ زمانێکی پاراو و تایبەتمەندە و بە ژیرانەترین شێوە توانیویە لە ورە و توانای قەڵەمی خۆی لە کارەکەدا کەڵک وەربگرێ.

وەک دەزانین لە کاری وەرگێڕاندا قسەی نەستەق، مەتەڵ و... ناکرێ دەقاودەق وەربگێڕدرێنەوە و دیارە وەرگێڕ دەبێ خۆی ماندوو بکات و بە دوای بەرانبەرەکەی لە زمانی پێوەردا بگەڕێ، لەم کارەدا ئەم تایبەتمەندییەمان وە بەر چاو دەکەوێ. وەرگێڕ لە زۆر شوێندا بە شێوەیێکی ژیرانە و بە بێ ئەوەی هیچ چیرۆکێک لەنگی مانا بێت کورت یان درێژایانی کردۆتەوە. کە دەڵێن وەرگێڕان هونەرە و وەرگێڕ هونەرمەند، منیش دەڵێم لەم کارەدا کاری هونەری بەدی دەکرێ.

- **ڕێوی چۆن بوو بە تووشمانەوە؟**

لـە ئـەدەبیاتی میللەتانـدا بـاوە کـە دەڵـێن ڕێـوی مەراییکـەرە و سەرچاوەی هەر داونانەوە و ئاژاوەگێڕی و پیلانێکە، لـە هـەمان کاتیشـدا کاتێ کە ڕێوی دەچێتە دڵی چیرۆکەوە تام و چێژێکی خۆش دەدات بەو داستانە و مـرۆڤ سـەرخۆش دەکـات، بـە دوای خۆیـدا ڕایدەکێشـێت و چاوەڕوانی دەهێڵێ تا بزانێ ئاکامی داستانەکە بـە کـوێ دەگـات. جگـە لەوەی کە لە فولکلۆردا ئاماژە بەوە کراوە کە ڕێوی مەراییکـەرە، جـەخت لە سەر ئەوەش کراوە کە لە حکوومەتی جەنگەڵـدا شـێر تـاج و تـەختی پاشـایەتی هەیـە و ڕێـویش ڕاوێژکـار و وەزیریـەتی. ئێمـەی نەتـەوەی کوردیش بە درێژایی مێژوو و لە هەموو سەردەمێکدا لـە لایـەن وەزیـری پادشـاکانەوە پیلانی زۆرمان بۆ گێڕدراوە و وەزیران ڕێیان خۆش کـردووە تا خونکاران هێرش بکەنە سەرمان، هـەر بۆیـە داسـتانی ڕێـوی لـە لای ئێمەدا برەوی زۆری هەیە. لـەم چەنـد چیرۆکـە لـە زۆر شـوێندا ڕێـوی پیلانگێڕ و داوبازە؛ هەندێ جاریش زۆر سـاویلکە و گێل و مەنگە.

- **وەرگێڕی ڕێوی**: **«ئەنوەر ناسری»**

بە ڕاستی من بۆ خۆم «ئەنوەر ناسری»م وەک هاوڕێ و هاوکارێـک زۆر خۆش دەوێ، ئای چەندە سادە و ساکارە و فارس گوتەنی: بێ شـیلە و پیلەیە. کە دەیبینم هەزار ماندوویش بم بزەم دەبـزوێ، تـا خـوا حـەز بکات گیرم پێ دەدات، ئەگەر کـاری پـێم هـەبێ لـە ئاسمـان یـان ژێـر زەویشدا بم بۆ ئەوەی کارەکەی بکەوێتە ڕێ دەمدۆزێتـەوە. جارجـار لـە دڵی خۆمدا دەڵێم ئیتر ئەمە کێیە؟! و دووبارەش دەزانم عەشق بـە کـار

وای لێ کردووە کە ئەوەندە لە سەری سوور بێت.

سوور دەزانم ئەم ئەنوەرەی کە من دەیناسـم و لـە خۆشەویسـتیدا هەر بە ئەنوەری پەتی و بێ هیچ کا و کاکە و ئا و ئاغـە و نـازانم... نـاوی دەهێنم و دەینووسم ئەگەر نەیشێوێنێ لە خۆی لە داهـاتوودا زۆری لـێ دەبیسین و دەتوانێ خزمەتێکی زۆر پڕ بایەخ بـە فولکلـۆر و ئـەدەبیات و کتێبخانەی کوردی بکـات. ئـەنوەر خـاوەن قەڵـەمێکی بەتوانایـە، ڕەوان دەنووسێ، وشە دەناسێ، بە دوای واتاوەیە، ئەوەندە لـە سـەر ڕسـتە کـار دەکات تا ڕێک وەک ئەوەی دەیەوێ، دایـدەنێ. داوا دەکـەم دوای ئـەم کارە باز بداتە سەر گورگ و باقی گیانلەبەرانیتر و بەرهەمگەلێکی جـوان و چڕ و پڕتر بخولقێنـێ. هیـوام سـەرکەوتنی هـەموو لایێکـە. ئـەنوەر و هەمووتان بە گەورەیی و نیشتمان دەسپێرم.

عەدنان بەرزنجی

بەرپرسی ئەنیستیتوو زمانی کوردی ڕاژەی سنە

خەزەڵوەری ٢٧١٣

دەسپێک:

هەر لە منداڵییەوە زۆرم حەز لە چیرۆک و ئەفسانەی کۆن بووە، بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی کە سەبارەت بە گیانلەبەرانە. لە نێو گیانلەبەراندا زۆرتر ڕێویم خۆش ویستووە. ئەگەرچی بە فێڵەباز ناوبانگی دەرکردووە، بەڵام هەمیشە توانیویەتی بە کەڵک وەرگرتن لە مێشکی، بە سەر شێر، ورچ، گورگ و زۆر گیانلەبەریتردا زاڵ بێت. بۆیە گوتوویانە: زۆربەی کات مێشک لە زۆر و بوێری بەکارترە.

هەروا کە دەزانین فولکلۆر بنەڕەتی هەر ئەدەبیاتێکە و دەبێتە هۆی دەوڵەمەند کردنی ئەو ئەدەبیاتە. ئەدەبیاتی کوردیش یەکێک لەو ئەدەبیاتانەیە کە خاوەنی فولکلۆرێکی زۆر دەوڵەمەند و پاراوە. پاراستنی ئەم گەنجینە بەنرخە ئەرکی هەر هونەرمەندێکە.

زۆر جار کە تووشی پەند و دەستەواژەی کوردی دەهاتم، نەمدەزانی

مانایان چییه و له چ شوێنێکدا به کار دێن؛ بۆیــه بـڕیارم دا ئـەو پەنـد و دەستەواژانەی کە لە زاری خەڵکەوە بیستوومە یان لە کتێبەکانـدا چـاپ کراون کۆیان بکەمەوە و یان بەرانـبەری فارسییان بۆ دانێم یان شرۆڤەیان بۆ بنووسم کە تا ڕادەیێک توانیم لەم کارەدا سەرکەوتوو بم.

ساڵی ٢٧١٢ لەگەڵ چەند کەس لە ئەندامانی ئەنجومـەنی ئـەدەبی مەولەوی شاری سنە، لقی فولکلۆرمان لە ئەنجومەندا دامەزراند.

سەرەتا کینایەکانی «فەرهەنگی خاڵ» و «هەنبانە بۆرینـە»مان جوێ دەکردەوە و بەرانـبەری فارسیمان بۆی دادەنا.

بە داخەوە ئەم کارە ناتەواو مایەوە و نەگەیشــتە ئـەنجام، بـەڵام بـۆ خۆم بەردەوام لە سەر فولکلۆر کارم کرد تا گەیشــتمە ئـەو بڕوایـە دەبـێ ئەم پەند و دەستەواژانە لە چیرۆکدا بەکار بێنم.

بە ڕای خۆم کەڵک وەرگرتن لە فولکلۆر لە نێـو وەرگێڕانـدا دەبێتـە هۆی جوانتر کردنی بەرهەمەکە. هەر بۆیە دەستم کرد بە کۆکردنـەوەی ئەو چیرۆکانەی کە سەبارەت بە گیانلەبەرانە و بۆ ئەم مەبەسـتە سـەرەتا ڕێویم هەڵبژارد.

زۆربەی ئەو پەند و دەســتەواژانەی کـە لـەم چیرۆکانـەدا بـە کـارم هێناوە لە زاری خەڵکەوە بیستوومە و هێندێکیشی لە کتێبەکانـدا چـاپ کراون.

دەقی چیرۆکـەکان بـە زاراوەی سـۆرانی یـان موکریانییـە و پەنـد، دەستەواژە و هەندێ لە وشەکان هی زاراوەکانیترن. لەوانەیە ئـەم کـارە بکەوێتە بەر لێشاوی ڕەخنەگرانەوە، بەڵام تا ئەو جێیەی توانیومە هەوڵـم

داوە بە باشترین شێوە کەڵکیان لێ وەربگرم.

لە دواییدا زۆر سپاسی ئەم هاوڕێیانە دەکەم کە لەم بوارەدا یارمەتیان دام بۆ ئەوەی بەرهەمێکی جوان و چڕوپڕ بخوڵقێنم: نەجمەدین شەوکەتیاریان، ڕەشید مورادی، جەماڵ فەتحی، سەحەر موعێزی، ئاری عەبدی، سەمیرا ڕەشنەواز، ئەنستیتوو ڕاژە و ئەنجومەنی ئەدەبی مەولەوی.

ئەنوەر ناسری

سنە ٢٧١٣

تێبینی:

جامقولیباز: ئەم وشەیە لە ڕاستیدا «جامبازقولی»یە، بەڵام بە هـۆی گۆڕانکارییـێک کـە بـە سـەریدا هـاتووە بووەتـە جامقولیبـاز. وشـەییێکی لێکدراوە کە لە جامباز + قولی پێکهاتووە. قولی: وشـەیێکی مەغۆلییەکـە بە مانای غولامە و لە کوردیدا زۆرتر بە مانای شاگرد دێت.

جامباز: لە دەستـەواژەی کوردیدا بە مانای فرۆشیاری ئەسپ و ولاخ هاتووە. ئەم جامبازانە بۆ ڕەچاوکردنی ڕەسەنترین ئەسـپ یـان ولاخ بـە شـار و گونددا دەگەڕان. لە هەر کوێدا ئەسـپ یـان ولاخێکـی ڕەسـەنیان دەبینی دەچوونە خزمەتی خان و بەگەکان و ڕایاندەگەیاند کە ئەسـپێکی ڕەسەن لە فلانە شار یان گوند هەیە. بەمجۆرە لەم ڕێگەیەوە پارەییێکیـان بە دەست دەهێنا. ئەم جامبازانە بەرەبەرە بە زیرەک و فێڵەباز و یارمبـاز ناوبانگیـان دەردەکـرد. لـە بـەر ئـەوەی لـە کـاری فاڵـدانی ئەسـپدا

شارەزارییەکی باشیان پەیدا دەکرد و چونکە بڕێ جار هەندێک لە ئەسپەکان کە بە ڕواڵەت ڕەسەن بوون، بەلام هەر کە دەگەیشتنە نێو ئاو سوارەکەی خۆیان دەگلاند، دەیانگوت ئەم ئەسپە لە ئاودا دەخەوێ یانی ڕەسەن نیە. ئەم بابەتە لە بارەی ژنان و کچانیشەوە بەکار دەهات. بۆ وێنە ئەگەر کچ یان ژنێک باش نەبوایە، دەیانگوت لە ئاودا دەخەوێت. هەر بۆیە بە هۆی ئەم شوناسە تایبەتیانەوە بە یارمباز و فێڵەباز ناوبانگیان دەردەکرد.

ئەم زانیارییانەم لە بەڕێز نەجمەدین شەوکەتیاریانەوە وەرگرتووە.

گورگ و ڕێوی

کۆکردنەوەی: سەیدئەبولقاسم ئەنجەوی شیرازی

ڕێوییێک لە نێو باخێکدا دەژیا. باخەکە هی پادشا بوو و گ شەوێ دەستی ئەکردە خواردنی میوەکان و هێندێکیشیانی خراپ دەکرد. باخەوان پێی زانی و کەوتە بیر ڕێگەچارەییێک. چونکە گەر پادشا بیزانیبایە شەقێکی تێ هەڵئەدا و دەری دەکرد. بۆیە تەڵەییێکی بۆ نایەوە و پلێ دووگیشی بۆ دانا. شەو کە ڕێوی لەو نێوەدا دەخولایەوە، دووگەکەی بینی. تۆزێ ڕاما و لە بەرخۆیەوە وتی:

- ئەگەرچی خودا ڕزقی هەموومان ئەدا، بەڵام لە کولانەوە بۆمان ناخاتە خوارەوە. بێت و نەبێ ئەم ماستە بێ موو نییە.

لە باخەکە دەرچوو و ڕۆیشت هەتا گورگی دۆزییەوە. سەیری کرد زوانی کەوتووەتە لای دەمی و لە سەر عەردێ کەوتووە. گورگ تا چاوی کەوتە ڕێوی وتی:

- مام ڕێوی زۆرم برسییە، هیچ شتێ شک نابەیت؟

ڕێوی سلاوی کرد و وتی:

- تا ئێستە لە پرسەدا بووم و هێشتێ شێوم نەخواردووە. وەرە با بڕۆین.

گورگ شاگەشکە بوو و پێکەوە بەرەو باخەکە کەوتنە ڕێ. کە گەیشتنە نێو باخەکە، هەڵمەتی بۆ دووگەکە برد و بووە تەڵەوە. دووگەکەیش کەوتە بەردەم ڕێوی. ئەویش هەڵیگرت و هەڵات.

گورگ:

- ئەوە بۆ کوێ ئەچی؟

ڕێوی:

- ئەمە بەشەکەی من بوو.

گورگ:

- ئەی من؟!

ولامی دایەوە:

- ڕاوەستە تا باخەوان دێت.

سەرلەبەیانی باخەوان گورگەکەی بینی. بێلاسنێکی هەڵگرت و کام لات دێشێ کوتای. ئینجا تەڵەکەی کردەوە و تووڕی دایە دەرەوە. گورگ دوای ماوەیێک گیانێکی پێدا هاتەوە و بۆی دەرچوو.

ڕێوی کە دەیزانی گورگ تۆڵەی لێ دەکاتەوە، چووە نێو دوکانی خومچیێکەوە. کلکی خستە نێو ڕەنگی شین، گوێچکەی خستە نێو ڕەنگی زەرد و تەمادەر گورگ بوو. گورگ لە دوورەوە هاواری کرد:

- جامقولیباز کە هاتم «کتک ئەخەمە شواڵت».

ڕێوی گوتی:

- فلته فلت، قسەی دەمت بفامە. ئەو کەسەی فێلی لێ کردووی من نـیم، من خومچیم.

گورگ گوتی:

- بمبوورە. تکایە خومگەریم فێر بکە با کاسبی پێوە بکەم.

ڕێوی گوتی:

- فێرت ئەکەم بەو مەرجەی خۆت کەر نەکەی.

کە چوونە سەر کووپەکان ڕێوی گوتی:

- دەستت بخەرە نێو ڕەنگەکە با فێر ببیت.

هـەر کـە نووشـتایەوە ڕێـوی پاڵـی پێـوە نـا و خسـتیە نێـو کووپەکـەوە. سەرەکەی نایەوە و دەرچوو.

بەیانی کە خاوەن دوکانەکە هات سـەیری کـرد گورگێـک کەوتووەتـە نێـو کووپەکەوە. دارێکی لێ هەلگرت و ئەوەندەی لێدا ناو خوای لە بیری بردەوە.

لەو لاشەوە ڕێوی کوتێ چەرمی دۆزییەوە. سووژنێکی هەلگرت و دەسـتی کردە دووراندن. گورگ تا چاوی پێکەوت گوتی:

- قورمساخ «شەرت بێ کەڵەمەت بجەڕنم».

ڕێوی:

- چیە، دەڵێی نان هاریت گرتووەتە دەمەوە. چم لە تۆ داوە مـن پیـاوێکم پینەچی.

گورگ:

- بمبوورە نەمزانی. تکایە جووتێ پێلاوم بـۆ دروسـت بکـە بـۆ ئـەوەی لـە هاویناندا پاگەلم نەسووتێ.

ڕێوی:

- باشە، بڕۆ پەزێک و تۆزێ قیرم بۆ بێنە.

گورگ چوو پـەزێکی ڕفانـد و گەیشـتە پیرەمێردێـک. کوشـتی و لـە نێـو کەشکۆلەکەیدا نەختێ قیری دزی و هاتەوە لای ڕێوی.

ڕێویش گوتی:

- بڕۆ سبەینێ وەرەوە.

بەیانی کە گورگ هاتەوە بۆ کەوشەکانی، ڕێوی پێی وت:

- ژێرە و بانەکەی ماوە. پەزێکیتر بێنە.

گورگیش چوو پەزێکیتری بۆ هێنا.

بەمجۆرە ڕێوی هەموو ڕۆژێ دەسەسەری ئەکرد و خۆی تێری ئەخوارد. لە دواییدا کارەکەی تەواو کرد. گورگ پێلاوەکانی لە پێ کرد و کەوتە ڕێ. دەمـەو نیوەڕۆ قیرەکە توایەوە و جوولەی لە گورگ بڕی.

شوانەکان کە گورگیان بینی گەلەکۆمەیان لێ کرد و ئەوەندەیان لێیدا بـای باڵیان بڕی. لەو لاشەوە ڕێـوی بـڕێ شوولـی کـۆ کـردەوە و دەسـتی کـرد بـە سەوەتەچنین.

گورگ کە چاوی کەوتە ڕێوی هاواری کرد:

- قوڕمساخ، «شەرتبێ بتخەمە شوێنێک خۆر بە چاو نەبینی».

ڕێوی:

- ترەتری چیتە؟ بەرودوای قسـەی خۆت بفامـە. مـن سـەوەتەچنم و ئـەو فێڵەباز.

گورگ:

- دەبێ بمبووری نەمزانی. سەوەتەیێکم بۆ دەچنی؟

ڕێوی سەوەتەیێکی چنی و پێی وت:

- بچۆرە ناوی بزانە چۆنە.

هەر کە گورگ چووە نێو سەوەتەکە، ڕێوی شەتەکی دا و لە تەپۆلکەیێکەوە خلێری کردەوە. شوانێک چاوی پێ کەوت. بردیەوە ماڵێ و بە دایکی وت:

- ئەم هەنگوینە هەڵگرە بۆ جێژن.

هەر کوڕەکەی چووە دەرێ، «قاسۆی کێشا». کە زانی ڕۆیشتووە نانێکی هێنا و ویستی کەمێ هەنگوێن بخوا. کە دەستی کردە کونی سەوەتەکەدا گورگ قەپی کردە دەستی پیرەژنەکەدا. لە پڕێکدا هاواری لێوە هەستا. کوڕەکەی و جیرانەکان خۆیان گەیاندێ. دەورەیان دا و ئەوەندەیان لێ دا خستیانە سەرەمەرگەوە.

ڕێوی کە دەیزانی چ پەنێکی داوە، چووە نێو ئاشێکەوە. سەر و ڕووی خۆی نیا ئارد و لە کولەسووچێکەوە دانیشت. گورگ هەر لە دوورەوە قیڕاندی:

- سەگباب، تا چەرمت ڕەق نەکەم وازت لێ ناهێنم.

ڕێوی:

- گەوجە گەوج. من ئاشەوانم و کارم بە کەسەوە نیە.

گورگ:

- تکایە بمبوورە. وەمزانی تۆ ئەو ڕێوییەی کە کڵاوی سەر کردم. تکایە ئاشەوانیم فێر بکە.

ڕێوی:

- قەیدێ ناکا دەتبەخشم. بەخشین لە گەورەیە و گوناح لە بچووک. وەرە

با فێرت بکەم.

دەستی خستە ژێر بەرداشەکە. گورگ جووڵەی لێ بڕا. ڕێویش لە پشتەوە بەربووە گیانی. کە کاری خۆی کرد بۆی دەرچوو.

سەر لە بەیانی کە ئاشەوان هات گورگی بینی. بەردێکی هەڵگرت و ئەوەندەی لێ دا تۆپی.

جۆزەردان ۲۷۱۳

سەرچاوە:

١- فرهنگ افسانه‌های مردم ایران، جلد ۶، صص ۲۵۵-۲۵۱.



ڕێوی بەرگدوور[1]

نووسینەوە: فەرەجوڵڵا خوداپەرەستی

ڕێوییێک هەبوو ئەوەندە فێڵی لە خەڵک کردبوو «کەس گووی بە کڵاوی نەدەپێوا». لە لایێکی‌تریشەوە تەنگ و چەڵەمەی ژیان تەنگی پێ هەڵچنیبوو، بۆیە بیرێکی بە مێشکدا هات. دوو کوڕی هەبوو یەکیان ناوی سەندەل و ئەوی‌تریان مەندەل بوو. بانگیانی کرد و گوتی:

- گوێ بگرن بزانن دەڵێم چی. لەمڕۆ بە دواوە دەچنە هەر شوێنێک دەبێ بڵێن باوکمان بەرگدوورە و هەموو چەشنە جلوبەرگێک دەدووریێ و هەتا دەتوانن بازاڕگەرمیم بۆ بکەن.

کوڕەکانی گوتیان:

- دڵنیا بە هەر بەو جۆرەی کە وتت وا دەکەین.

١- فولکلۆری باشووری ئێران.

ڕۆژی دوایی کەوتنە ڕێ و تووشی هەر کەسێک دەهاتن پێیان دەگوت:

- باوکمان بەرگدووره و دوکانەکەی لە فلان شوێنە.

یەکەمین کەسێک کە چووە لای ڕێوی، گورگی ساویلکە بوو. دوای چاک و چۆنی گوتی:

- وەستا ڕێوی! هەروا کە دەزانی زستان هەوای ساردە و منیش وردەوردە بەرەو پیری دەچم. هاتووم بزانم گەر فەرەنجییێکم بۆ بدووری چەندی تێ ئەچێت؟

ڕێوی کە کەر خۆی دۆزیبووەوە، وڵامی دایەوە:

- ئامۆزا گیان، ئەوە چ قسەیێکە. بە داخەوە خورییەکانم تەواو بووە ئەگینا یەکێکم بۆت دەدووری و دەمهێنایە خزمەتت.

گورگ گوتی:

- دە ئێستە چارمان چیە؟

ڕێوی گوتی:

- لەو خوارە لە پشتی تەپۆلکەیێکەوە شوانێک بەرانێکی زۆری هەیە. بڕۆ حەوت دانەیان بڕفێنە. خورییەکانیان دەقاچمەوە، منداڵەکان دەیڕێسن و فەرەنجیەکەت بۆ ئەدوورم.

گورگ خۆشحاڵ بوو و گوتی:

- خوا ڕاوەستاوت بکا. بەڕاست چەند ڕۆژی تێ ئەچێت؟

نەختێ تێفکری و گوتی:

- ئەگەر بەرانەکان زوو بهێنی چواردە ڕۆژ دەبات.

گورگ گوتی:

- دلنیا بە، ئینجا مالاوایی کرد و ڕۆیشت.

گورگ بەڵێنەکەی بردە سەر و هەموو ڕۆژێ یەک- دوو بەرانی بۆ دەهێنا. لەو ڕۆژە بە دواوە نانیان کەوتە نێو ڕۆن و وەک کورد ئەڵێ: «خواگەرەکی بێت ڕزق قالاوێ بگەینێ کەرێکی بۆ ئەتۆپێنێ». کەر خۆیان چنگ خستبوو و فێری کوڕەکانی دەکرد کە چ بکەن و چ نەکەن.

چواردە ڕۆژەکە تەواو بوو و گورگ چوو بۆ دوکانی ڕێوی. ڕێویش دەستی کردە تاریف کردن لە فەرەنجیەکە و گوتی:

- تەنیا دوگمەکانی ماوە. ئەوەیشم داوەتە ژنەکەم دروستی بکات.

ئینجا چاوێکی لە سەندەل داگرت و گوتی:

- کوڕم، بچۆرەوە ماڵێ. ئەگەر دایکت دوگمەکانی دروست کردبوو لەگەڵ خۆتا بیهێنە.

سەندەلیش کە دەیزانی چ بکات کەوتە ڕێ. دوای سەعاتێک هاتەوە و گوتی:

- کەس لە ماڵەوە نەبوو. پێم وایە چووبێتە ماڵی پوورم. گەر لەوێ بێت تا شەو ناگەڕێتەوە.

ڕێوی داوای لێبوردنی لێ کرد و هەر جۆرێ بوو دەسەسەری کرد. ئینجا پێی وت:

- بڕۆ حەوت ڕۆژیتر بێرەوە.

گورگ هیچ چاری نەبوو. دوای حەوت ڕۆژ خۆی کردە دوکانی ڕێویدا و داوای فەرەنجییەکەی لێ کرد. ڕێوی کە پەشۆکابوو لە پڕێکدا گوتی:

- فەرەنجییەکەت ئامادەیە.

خراپ جۆرێ گیری کردبوو و ڕێگەی بەر و دوای لێ برا بـوو. لـە ناچاریـدا ڕووی کردە مەندەل و گوتی:

- بچۆرەوە ماڵێ و فەرەنجییەکـەی مامـت بێنـە. فەرەنجییەکـەم لـە نێـو بوخچەیێکی زەرد و لە سەر تاقەکە داناوە. نەکەی درەنگ بیتەوە.

گورگ هـەرچی چەمـەڕا بـوو مەنـدەل نەگەڕایـەوە. کـە سـەیری ڕەنگـە پەڕیوەکەی ڕێوی کرد، زانی شتێک قەوماوە و دەستی کردە خوتە و بۆڵە.

ڕێوی کە زانی بارودۆخەکە ئاڵۆزە خوڕییە مل سەندەلدا و گوتی:

- زوو بڕۆ فەرەنجییەکە بێنە و بزانە ئەو تیربۆگەییە لە کوێیە.

ماوەیێک ڕابرد و نەهاتەوە. ڕێوی کە دەیویست خۆی دەربـاز بکـات ڕووی کردە گورگ و گوتی:

- دەبینی برا؟! دڵم خۆشە کوڕم گەورە کردووە. کەس بـۆ کـەس نـامرێ. تۆزێ ڕاوەستە تا بڕۆم بیهێنم بۆت.

گورگی ساویلکە ماوەیێکی زۆر چاوەنواڕی کێشا. کـە زانی چ فێڵـێکی لـێ کراوە، چاوی پەڕیـە تەوقی سەری. بە تووڕەییەوە بەرەو کولانەی ڕێـوی کەوتـە ڕێ.

هەر کە گورگی بینی لە ترسا خۆی کردە کولانەکەیدا.

گورگ خۆی گەیاندە بەر کولانەکەی و قیڕاندی:

- قوڕمساخ، وات لێ هاتووە فێڵم لێ دەکەی. وەرە دەرەوە بزانم.

ڕێوی بە گورجی لە کولانەکەی دەرپەڕی و لە ژێر دەست و پـای گورگـەوە بۆی دەرچوو، ئەویش دوای کەوت.

ڕێوی کە دەیزانی چ پەنێکی داوە، خۆی گەیاندە بیرێک. لە سـەر بیرەکـە

دوو دۆڵچە هەڵواسرا بوو. خۆی خستە نێو یەکێ لە دۆڵچەکان و چووە خوارەوە. گورگیش خۆی گەیاندێ و گوتی:

- فێڵەباز ئەمجارە دەرچوونت بۆ نییە.

ئینجا چووە نێو دۆڵچەکەی‌تر و چووە خوارەوە. هەر کە گورگ چووە خوارێ ڕێوی چووە سەر و هەڵات. خۆی گەیاندەوە ماڵێ و بەسەرهاتەکەی بۆیان گێڕایەوە.

گورگی کلۆڵ هەر وا لە نێو بیرەکەدا مابووەوە؛ تا ڕۆژێک شوانەکان هاتن بزنەکانیان ئاو بدەن. یەکێ لە شوانەکان کە گورگە نیوەگیانەکەی بینی بە هاوڕێیەکەی وت:

- ئەمە هەر ئەو گورگەیە کە حەوت بەرانەکەی لێ ڕفاندووین.

بە هەر گیان‌کەشتێ بوو گورگەکەیان لە نێو بیرەکە دەرهێنا و داخی دڵی خۆیان و داریان دا بە ڕۆحیا.

پووشپەڕ ۲۷۱۳

سەرچاوە:

۱- فرهنگ افسانەهای مردم ایران، جلد ۶، صص ۱۷۴-۱۶۹.



ئـاشه‌وان و ڕێوی[1]

کۆکردنه‌وه و وه‌رگێڕان: حسێن داریان

ئه‌حمه‌د ئاشه‌وانێک هه‌بوو که له به‌رده‌م ئاشه‌که‌یدا دارهه‌رمێیه‌کی چاندبوو. له‌و ده‌ور و به‌ره‌دا ڕێوییێک هه‌بوو که هه‌رمێیه‌کان ده‌گه‌یشتن ده‌هات و یه‌کێکیانی ده‌که‌نده‌وه و ده‌یخوارد. ڕۆژێک ئه‌حمه‌د کوله‌ی گرت تا بزانێ کاری کێیه. له ناکاو ڕێوییێکی چاوپێکه‌وت که هات و یه‌کێک له هه‌رمێیه‌کانی خوارد و بۆی ده‌رچوو. له به‌ر خۆیه‌وه گوتی:

- ئه‌مه وا نابێت. ده‌بێ چاره‌یێکی بۆ بدۆزمه‌وه. باشتر وایه کاسه‌یێک قیر به داره‌که‌دا بکه‌م بۆ ئه‌وه‌ی ڕێوی بگرێت. کاسه‌یێک قیری هێنا، تواندیه‌وه و پژاندیه داره‌که‌دا. له ناکاو ڕێوی ئاسه‌لا بوو. که چووه سه‌ر داره‌که، جووله‌ی لێ بڕا. سه‌ر له به‌یانی ئاشه‌وان هات. ڕێوی پاڕایه‌وه و گوتی:

١- فولکلۆری ناوچه‌ی ئازه‌ربایجانی ئێران.

- توخودا ڕزگارم بکە.

ئاشەوان گوتی:

- گیانیشت دەرچێ ڕزگارت ناکەم. تەواوی هەرمێیەکانمت خواردووە و مالوێرانت کردووم.

ڕێوی پێی وت:

- تۆ ڕزگارم بکە، هەر ئاواتێکت هەبێ دەیهێنمە دی.

لە دواییدا دلی نەرم بوو، چوو نەفتی هێنا و قیرەکانی پاک کردەوە. ئینجا گوتی:

- دەتوانی بڕۆی.

ڕێوی گوتی:

- بۆ هیچ شوێنێ ناچم. دەبمە خوشکەزای تۆ تا بزانم چ ئاواتێکت هەیە.

پێکەوە چوونە نێو ئاشەکەوە. پاش ماوەیێک گوتی:

- خالە، دەمەوێ بڕۆم کچی پادشات بۆ خوازبێنی بکەم.

ئاشەوان ولامی دایەوە:

- هەر باسی مەکە. من لە کوێ و کچی پادشا لە کۆی؟

ڕێوی گوتی:

- تۆ کارت نەبێ. دەچم ئەگەر دایان، چ خاستر، ئەگەریش نا «خۆ دایکی کراس کەوگ نەمردووە».

ڕێوی پێشتر کەمێ ئالتوونی دۆزیبووەوە و لە شوێنێکدا شاردبوویەوە. ڕۆیشتە دەرباری پادشا و گوتی:

- ئەو سەنگی محەکەم بدەنێ زێڕەکانمی پێ محەک بدەم.

ڕێوی سەنگی محەکی وەرگرت و ڕۆیشت. پاش ماوەیێک سەنگی محەک و ئەو زێڕەی کە دۆزیبوویەوە بردەوە دەربار.

خزمەتکارانی پادشا کە ئاڵتوونەکەیان بینی، سەریان سووڕما و گوتیان:

- سەیرکە چەندە دەوڵەمەندە کە ئەو زێڕە بەنرخەی لەگەڵ سەنگی محەکدا بۆ هێناوین.

پادشایش گوتی:

- بە دڵنیاییەوە زۆر دەوڵەمەندە.

دوای چەند ڕۆژ ڕێوی هاتەوە و بە خزمەتکارانی پاشای گوت:

- خاڵۆییێکم هەیە دەیەوێ کچی پادشا بخوازێ. گەر پێتان خۆشە دەیهێنمە خزمەتتان. ئەگەر یەکتریان بە دڵ بوو پێکەوە زەماوەند بکەن.

چوون ئەمەیان بە پادشا گوت. پادشا وەڵامی دایەوە:

- قەیدێ ناکا، کچەکەم هەر دەبێ شوو بکا ئەمە نەبێ یەکێکی‌تر.

ڕێوی چوو بە ئەحمەدی گوت:

- وەرە پادشا ڕازی بووە کچەکەی ببینی.

ئینجا گوتی:

- تەنیا دەستێک جلوبەرگت پێویستە. چیت بۆ بدۆزمەوە کە کچی پادشا حەزی لێ بێت؟

ئەحمەد گوتی:

- ئەوە کاری خۆتە.

وەرە برۆینە نێو ئاشەکەوە تا بیرێکی لێ بکەمەوە. کە چوونە نێو، لیباسەکانی داکەند و وتی:

- لە سەر ئەو بەردە دانیشە تا دێمەوە.

ڕێوی کەسێکی نارده دەرباری پادشا و وتی:

- زاوا خەریک بوو مەلەی دەکرد، جلـەکانی ئـاو بـردی. تکایـە دەسـتێک جلوبەرگم بدەنێ تا بۆی بـەم.

پادشا ڕووی کردە کچەکەی و وتی:

- دەستێ جلوبەرگی زاوایەتیم بۆ بێنە.

ئەویش دەستێ جلی جوانی هەڵبژارد و دایە خزمەتکارەکەی بۆی بـات.

ئەحمەد لیباسەکانی لە بەر کـرد و لەگـەڵ ڕێـوی بـەرەو کۆشـکی پادشـا کەوتنە ڕێ. پادشا کە ئەحمەدی بینی، زۆر چـووە دڵـیەوە. دوای نـانی نیـوەڕۆ پادشا وتی:

- ئەگەر ڕێگا بدەن مەلا بێت و مارەیان بکات.

مەلا مارەیانی کرد و ڕێوی گوتی:

- مانگێکیتر دەیگوێزینەوە.

لە نێو ڕێگادا ڕێوی لێی پرسی:

- خاڵۆ، بە ڕاست کە کچەکەمان گواستەوە بیبەینە کوێ؟

وڵامی دایەوە:

- بە خوا چووزانم. خۆت دەبێ کارێک بکەی.

پێکڕا چوونە نێو هۆزێکەوە و ڕەشماڵێکیان بەکرێ گرت. ئینجا وتـیان:

- ماوەیێک لێرە دەمێنینەوە تا بزانین دوایی چ دەبێ.

دوای مانگێک ڕۆیشتنە خزمەت پادشا و کچەکەیان گواسـتەوە. پادشـایش خەڵاتیکی زۆری بۆ کچەکەی کۆ کردبووەوە. ڕێویش گەیشـتبووە هـەر کەسـێ

ڕایسپاردبوو کە هەر کەسێ پرسیاری کرد ئەم مەڕانـە هـێ کێیـە؟ بلـێن: هـی ئەحمەد ئاغایە. ئەم باخ و باخاتە هی ئەحمەد ئاغایە. لە هەر کووچە و کۆلانێکدا کە تێدەپەڕین هەموو شتێ هی ئەحمەد ئاغا بوو. بەختی هێنـا بـوو، دەسـتێک جلی نەبوو لە بەری بکا، بەلام هەموو شتێ بە ناویەوە بوو.

ئەم هەوالەیان گەیاندە پادشا و وتیان:

- زاواکەت ئەوەندە دەولەمەندە کە داراییەکەت لـە بەرانبـەر داراییەکەیـدا وەکوو دلۆپێک لە بەرامبەر زەریایێکە.

پادشا کە ئەمانەی بیست وتی:

- پێویست ناکا لێم دوور کەونەوە. بڕۆن بیانگێڕنەوە دەمەوێ لە لای خـۆم بمێننەوە.

تاج و تەختەکەی بەخشیە ئەحمەد و خۆی بووە وەزیری. ڕێـوی مـالاوایی لێ کرد و ڕۆیشت. ئەوانیش بە خۆشییەوە ژیانیان بردە سەر.

پووشپەڕ ٢٧١٣

سەرچاوە:

١- فرهنگ افسانەهای مردم ایران، جلد ۶، صص ٢٨۵-٢٨١.



ڕێوی دارتاش[1]

کۆکردنەوە: سەیدحسێن میرکازمی

قشقەڕەیێک لە سەر دارێکەوە هێلانەی کردبوو و سێ زەڕنەقووتەی هەبوو. ڕۆژێک ڕێوی لەوێوە ڕادەبرد کە قشقەڕەکەی بینی. خۆی گەیاندە پای دارەکە، تۆزێ ناوچاوی تورشاند و پێی گوت:

- برسیمە.

قشقەڕە گوتی:

- دەی چ بکەم؟

ڕێوی گوتی:

- یانی چی؟ زووکە یەکێ لە زەڕنەقووتەکانتم بۆ فڕێ دە خوارەوە، ئەگینا بە کلکم دارەکە دەبڕمەوە و هەمووتان دەخۆم.

١- فولکلۆری باکووری ئێران.

قشقەڕەکە ترسا و یەکێ لە زەڕنەقووتەکانی خستە خوارەوە و ئەویش هەلمەقووتی کرد. ڕۆژی دوایی هەمیسان خۆی گەیاندە پای دارەکە و گوتی:

- ئەم دارە هی منە، یەکێ‌تر لە زەڕنەقووتەکانتم بەرێ ئەگینا دارەکە بە کلکم دەبڕمەوە. قشقەڕەکە بە نابەدڵییەوە یەکێ‌تر لە زەڕنەقووتەکانی خستە خوارەوە و تەنیا یەک دانەی بۆ مایەوە.

ڕۆژی دواتر دیسان ڕێوی لێی ئاسەلا بوو و وتی:

- زووکە خواردنی ئەمڕۆشم پێ بدە ئەگینا دارەکە دەبڕمەوە.

قشقەڕەکە لە بەر خۆیەوە وتی:

- باشتر وایە بڕۆم دەگەڵ قالاودا ڕاوێژێ بکەم، بزانم دەڵێ چی.

دیسان ڕێوی وتی:

- بیرکردنەوەی ناوێ. خێرا کە.

ولامی دایەوە:

- ڕاوەستە با لە خەو هەڵیسێنم و خواردنی پێ بدەم.

ڕێوی وتی:

- باشە، بەڵام زوو کە تا تووڕە نەبووم.

ئەمەی وت و لە ژێر دارەکەدا ڕاکشا و خەوی لێ کەوت.

قشقەڕەکە بە ئەسپایی هەڵفڕی، خۆی گەیاندە لای قالاو و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە. قالاو کە ئەم قسەیەی ژنەفت، وتی:

- بۆ ئەوەندە کلۆلی. خۆ کلکی ڕێوی مشار نییە دارەکە ببڕێتەوە. بچۆ پێی بڵێ ئەوەندە کلکی بە دارەکەدا بهێنێ تا گیانی دەرئەچێ.

قشقەڕەکە گورجێ خۆی گەیاندەوە هێلانەکەی، کە دەنگی ڕێوی بەرز

بووەوە:

- دەرفەتەکەت تەواو بوو.

قشقەڕەکە بە تووڕەییەوە وڵامی دایەوە:

- قوڕمساخ ئەوەندە کلکت بە دارەکەدا بێنە تا گیانت دەرئەچێ.

وڵامی دایەوە:

- دارەکە ببڕم یان زەڕنەقووتەکەت دەخەیتە خوارەوە؟

قشقەڕە وتی:

- لە بەر چاوم دوور کەوە.

ڕێوی چەقۆت لێ بدا خوێنی دەرناهات، کە وای بینی وەدوای کاری خۆی کەوت و لە باخەکە چووە دەرێ.

چەند ڕۆژێک نەگەڕایەوە باخەکە. تا ئەوەی کە ڕۆژێک لە پشتی پەرژینی باخەکەوە خۆی مەڵاس دابوو، بۆی دەرکەوت کاری قالاوە دێت و دنەی دەدات. ئاگری تۆڵە لە دڵیدا گەشەی سەند و ویستی قالاو لە ناو بەرێت.

خۆی ژەندە ئاوا و چەند جارێ لە نێو خۆڵدا خۆی خولپاندەوە و لە پای ئەو دارەی کە قالاو لە سەری هێلانەی کردبوو خۆی کردە تۆپیو.

قالاو کە گەڕایەوە هێلانەکەی، ڕێوی لەو حاڵەدا بینی. کە زانی تۆپیوە، زۆر کەیفخۆش بوو، لە سەر کەلاکی نیشتەوە تا لە تۆڵەی قشقەڕەدا چاوانی دەربێنێ. لە ناکاو ڕێوی قەپی داوەشاند و گرتی. وتی:

- ئەتخۆم و تۆڵەت لێ دەسێنمەوە.

قالاو کە هیچ هیوایێکی نەمابوو وتی:

- قەیدێ ناکا بمخۆ، بەڵام...

لێی پرسی:

- بەڵام چی؟

قالاو گوتی:

- باوباپیرانت کاتێ باوباپیرانی منیـان دەخـوارد فاتحایێکیـان دادەخسـت. پێم وایە تۆیش ئەوەت لە بیر بێ؟

ڕێوی گوتی:

- ئەی چۆن.

قالاو گوتی:

- دە باشە من ئامادەم.

هەر کە ڕێوی ویستی فاتحا بخوێنێ، قالاو هەڵفڕی و ڕزگـاری بـوو. ڕێـوی دەمی داچەقیا. قالاو ڕیقنەیێکی داکرد و گوتی:

- ئەوەش بخۆ و هەڵیگرە بۆ حەوت پشتت.

پووشپەڕ ٢٧١٣

سەرچاوە:

١- فرهنگ افسانەهای مردم ایران، جلد ۶، ۱۶۴-۱۶۱.



ڕێوی و پشیلەی زیتەڵە[1]

کۆکردنەوە: عەلی ئەشرەف دەروێشیان

جووتیارێک هەبوو لەماڵەوە مشک تـەنگی پـێ هەڵـچنیبوو. هـەر جـارەو پشیلەیێکی دەهێنا، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو. ڕۆژێک چووە لای هـاوڕێیکی و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە.

هاوڕێیەکەی وتی:

- پشیلەیێکم هەیە لە دنیادا بێوێنەیە. بۆتی دەهێنم.

جووتیارەکە پشیلەکەی بـردەوە ماڵـێ. ڕۆژێـک کـە لـە درزی درگاکـەوە دەیڕوانی، بینی کە نـە تـەنیا مشـکەکان ناگرێـت بەڵـکوو لەگەڵیشـیاندا یـاری دەکات. خستیە نێو تەلیسێکەوە، بردیە دارستانێک و بەرەڵای کرد.

پشیلە لەو نێوەدا بوو کە چاوی کەوتە ڕێوی.

١- فولکلۆری ناوچەی کرماشان (بێستوون) بەڵام بە زمانی فارسی بڵاو بووەتەوە.

ڕێوی هاتە لای و وتی:

- لێرە چ دەکەی؟

پشیلە بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە.

ڕێوی وتی:

- وەرە مالی من.

پشیلە وتی:

- ماڵەکەت لە کوێیە؟

ڕێوی وڵامی دایەوە:

- زۆر دوور نییە، لە پشت ئەو دارانەوەیە.

پێکەوە کەوتنە ڕێ. دوو ڕۆژ هیچ نەبوو بخۆن.

پشیلە بە ڕێوی وت:

- وەک کورد ئەڵێ «سک برسی خوا ناناسێت». دەبێ چ بکەین؟

ڕێوی لە وڵامدا وتی:

- بیرێکی زۆر باشم کردووەتەوە.

پشیلەکە وتی:

- دەپێم بڵێ، بیرەکەت چییە؟

ڕێوی چوو، لە ناکاو تووشی ورچێک هات. ویستی دەرچێت کە ورچ وتی:

- براڵە، بۆ هەڵدێی؟ دەمێکە لە نێو ئەم دارستانەدا دەژین و هیچ کێشەیێکمان لە نێواندا نەبووە.

ڕێوی وڵامی دایەوە:

- بەڵێ وایە، بەڵام پڵینگێکمان تووش بووە و داوای کەرانەمان لێ دەکا.

ئێمەش لە گون گا ڕووتترین.

ئینجا لە پرمەی گریانی دا. ورچ گوتی:

- پڵینگ داوای چیتان لێ دەکا؟

ڕێوی گوتی:

- وەڵلاهی بزنی لێمان دەوێ.

ورچ گوتی:

- مەگری، لە ڕۆژی دیاریکراودا هەرچیم ببێت بۆتی دێنم تەنیا بڵێ بیهێنمە کوێ؟

- بیهێنە ژێر داری تەنیشتماڵەکەم. ئاگادار بە نەیتە پێشەوە چونکە زۆر تووڕەیە.

ئینجا ماڵاوایی لێ کرد. گەڕایەوە لای پشیلە و قسەکانی بۆ گێڕایەوە. پشیلەکە وتی:

- گورگیشت بینی؟

- هێشتا نەمبینیوە.

- بچۆ بۆ لای گورگ و لەگەڵ ئەویشدا قسە بکە. ڕەنگە بتوانێ شتێکمان بۆ بێنێ.

ڕێوی ڕۆیشت هەتا گورگی دۆزییەوە. کە چاوی پێ کەوت وتی:

- کەری کوێ تۆپیوە کەوتیتە بیر ئێمە؟

ڕێوی وڵامی دایەوە و وتی:

- وەڵلاهی ماوەیێکە پڵینگێک هاتووەتە دارستان و ژینی لێ تاڵ کردووین. هەروا کە دەزانین هەمووومان براین و لە خۆشی و ناخۆشیدا بە دەم

یەکترینەوەین. ورچ بەڵێنی داوە یارمەتیمان بدات و وتیشی بێمە خزمەت تۆیش. ئەوا هاتووم یاریدەمان بدەیت.

گورگ وتی:

- قەیدیێ ناکا، منیش دوو بزنت بۆ دەهێنم. بە ڕاست بیهێنمە کویێ؟

- بیهێنە ژێر داری نزیکماڵەکەم، دەبێ ئاگادار بیت چون پڵینگ خوێن بەرچاوی گرتووە. تەنیا لە دوورەوە بڕوانە، بزانە چ دەعباییێکە.

گورگ هات و لە نزیکی ماڵی ڕێوییەوە لە پشتی گەلاکانەوە خۆی حەشاردا. ورچیش چووە سەر دارێک و چاوەڕێ بوون تا پڵینگەکە بێتە دەرەوە و گۆشتەکان بخوات.

پشیلەکە لە گۆشتەکان نێزیک بووەوە، کە چاوی کەوتە گوێچکەکانی گورگ پێیوابوو سەگە خۆی شاردووەتەوە قیژاندی و چووە سەر دارەکە. ورچیش کە پێی وابوو پشیلەکە هەر ئەو پڵینگەیە خۆی خستە خوارەوە و کەوتە مل زک گورگا. گورگیش کە وایدەزانی پڵینگەکە کەوتۆتە ملیا بە لوورەلوور دوورکەوتەوە.

پشیلە و ڕێوی دەستیان کردە خواردنی گۆشتەکان و خۆیان تێر کرد.

پووشپەڕ ٢٧١٣

سەرچاوە:

١- فرهنگ افسانەهای مردم ایران، جلد ۶، صص ٢٤٠-٢٣٧.



ڕێوی فەرەنجیدوور[1]

کۆکردنەوە: محەمەدڕەزا ئال ئیبراهیم

کابرایێک هەبوو هەموو ڕۆژێ دەچوو بۆ کار و فەرەنجییێکی لە بەر دەکرد بۆ ئەوەی سەرمای نەبێ. ڕێوییێک بوو کە هەر جارەو ئەو کابرایەی دەبینی دیانی بۆ فەرەنجییەکە تێژ کردبوو و دەیویست لێی بدزێ. ڕۆژێک سەر لە بەیانی لە سەر ڕێگەیدا خۆی دا لە مردن. کە کابرا چاوی پێ کەوت لە کەرەکەی هاتە خوارێ و بۆ ئەوەی دەرنەچێ بەستیەوە. ئینجا ڕێوییەکەی خستە پشت کەرەکە. کە ویستی بکەویتە ڕێ ڕێوی فەرەنجییەکەی لێ دزی و بۆی دەرچوو.

ڕۆیشت هەتا تووشی گورگێک هات. گورگ لێی پرسی:

- ئەم فەرەنجییەت لە کوێ هێناوە؟

١- فولکۆری ناوچەی ئێستێهبان (شارێکە لە پارێزگای فارس).

ڕێوی:

- خوالێخۆشبوو باوکم فەرەنجیدوور بوو، منیش لێی فێر بووم و ئەمەم بۆ زستان دروست کردووە.

گورگ:

- بۆ منیش دروست دەکەی؟

ڕێوی:

- بە مەرجێک...

گورگ:

- چ مەرجێک؟!

ڕێوی:

- گەر بتوانی پێنج پەزم بۆ بێنی بۆتی دروست ئەکەم.

گورگ ڕۆیشت و بە هەر نقەجەڕەیێک بوو پێنج پەزی دەست خست و بۆ ڕێوی هێنا. ڕێوی پێی وت:

- برۆ مانگێکیتر وەرەوە.

گورگ ڕۆیشت و ڕێوی لەو ماوەیەدا لە گۆشتی پەزەکانی دەخوارد و گوێی بۆ هیچ شتێ نەدەلەقاند. کە مانگەکە تەواو بوو گورگ هاتەوە. ڕێوی خورییەکانی بلاو کردبووە سەر زەوییەکەدا و لە سەری خەوتبوو.

گورگ:

- فەرەنجییەکە ئامادەیە؟

ڕێوی:

- فەرەنجییەکەم تەواو کردووە، تەنیا قۆڵەکانی ماوە و دەبێ سێ پەزیتر

بێنی.

گورگ ڕۆیشت سێ پەزی‌تری هێنا. ئینجا پێی وت:

- برۆ حەوتەیێکی‌تر بێرەوە.

ڕێوی پەزەکانی خوارد، خورییەکانی کۆکردەوە و دەستی کردە فینگەفینگ کە گورگی لێی ئاسەلابوو. لێی پرسی:

- ئەوە بۆ دەگریت؟

ڕێوی وتی:

- فەرەنجیێکی جوانم بۆ دروست کردی، بەڵام کەرسوارێک هەیە هەموو ڕۆژێ بە ئێرەدا تێدەپەڕێ لە چنگی دەرهێنام و بۆی دەرچوو. دەبێ کارێک بکەیت.

گورگ وتی:

- چ بکەم؟

ڕێوی وتی:

- دەبێ لە سەر ڕێگەی ئەو کابرایەدا خۆت بدەی لە مردن، هەر لە کەرەکەی دابەزی فەرەنجییەکەی بڕفێنە و هەڵێ.

گورگی کلۆڵ کە فریوی ڕێوی خواردبوو چووە سەر ڕێگەی کابرا و خۆی کردە تۆپیو. کابرا کە فریوی ڕێوی خواردبوو لە کەرەکەی دابەزی، تێر و پڕی کوتا و مانگێک خستیە نێو جێگا. دوای مانگێک کە گیانێکی پێداهاتەوە لە نێو دارستاندا ڕێوی بینی. ڕێوی شواڵ کەوتە دەرقاچی و خۆی کردە کونێکدا. گورگ دەستی کوتا، کلکی گرت و کێشای. کلکی لە بنەوە قرتیا. لە بەر خۆیەوە وتی:

- لەمەولا بەرچاویم، دەبێ کارێک بکەم گورگ نەمناسێتەوە.

چووە لای هاوڕێیەکانی و پێی وتن:

- لەم نێزیکانەدا باخە هەنگوورێک هەیە. وەرن با ئەمشەو بڕۆین.

کە ڕێوییەکان هاتن، پێیانی وت:

- وەرن کلکتان بخەنە نێو ئاوی حەوزەکەوە تا بزانم باخەوان هەیە یان نا؟

هەوا زۆر سارد بوو و ئاوەکە بەستی. سەرلەبەیانی ڕێوی هات و وتی:


- زوو هەڵێن کە باخەوانەکە هات.

کە ڕێوییەکان ویستیان دەرچن کلکیان لـە بنـەوە قرتیبا و هـەموویان بـە دەردی ڕێوی چوون.

پووشپەڕ ٢٧١٣

سەرچاوە:

١- فرهنگ افسانەهای مردم ایران، جلد ۶، صص ۱۶۷-۱۶۵.



ڕێوییە کوڵە[1]

کۆکردنەوە: مونیرۆ ڕەوانیپوور

ڕێوییێک مافوورێکی دۆزییەوە. لە بەر کولانەکەیدا ڕایخست و لە سەری دانیشت. شێرێک بە بەردەم کولانەکەیدا ڕادەبرد. کە چاوی کەوتە مافوورەکە لێی پرسی:

- ئەمە کێ چنیویەتی؟

- وەڵلاهی شاکاری خۆمە.

- بۆ منیش دەچنی؟

- دەبێ بڕۆی دوو بەرخ و دوو بزنم بۆ بێنی، حەوتەییێکی پێ ناچێ بۆتی دەچنم. شێر ڕۆیشت دوو بەرخ و دوو بزنی بۆ هێنا، سەری بڕین و داینیە ڕێوی. کە شێر دوور کەوتەوە، ڕێوی خێزان و منداڵەکانی بانگ کرد و دەستیان کردە

١- فولکلۆری باشووری ئێران.

خواردن.

دوای حەوتـەیێک شـێر هاتـەوە. دوای چـاک و چـۆنی کـردن هەواڵـی مافوورەکەی پرسی. ڕێوی وتی:

- ئامادەیە، وێنەیێکی خۆیشتم تیا نەخشاندووە.

ئینجا ژنەکەی و شەش منداڵەکەی لە کولانەوە هاتنە دەرێ.

ڕێوی ڕووی کردە کوڕە چووکەکەی و وتی:

- ئادەی بڕۆ مافوورەکەی خاڵۆ شێرە بێنە.

ڕۆیشت و نەهاتـەوە. دووهـەمیش چـوو و نەهاتـەوە. سـێهەمیش هـەر وا، چوارەمی، پێنجـەمی و... تـا تـەواوی منداڵـەکانی ڕۆیشـتن. نـۆرەی ژنەکـەی گەیشـت. ئـەویش چـوو و نەهاتـەوە. ڕێـوی خۆیشـی بـە دوویانـدا ڕۆیشـت و نەهاتەوە. شێر هەرچی چـاوەنواڕی کێشـا هـیچ سـوودێکی نـەبوو. گـۆزەیێکی دۆزییەوە، بنەکەی کون کرد و لە بەردەم کولانەکەیـەوە داینـا. لـە بەرخۆیـەوە وتی: گەر ڕێوی بیەوێ بێتە دەرێ کلکی گیر دەکات و دەقرتـێ، ئـەو کاتـە لـە هەرکوێیدا ببینم دەیناسمەوە. ئینجا ملی ڕێگای گرتە بەر و ڕۆیشت. ڕێوی لـە نێو کولانەکەیەوە ملـەتاتکێی کـرد. کـە زانی ڕۆیشـتووە ویسـتی بێتـە دەرەوە، کلکی قرتیا. تێدا مابوو چ قوڕێک بە سەر بپێوێ کە بیرێکی بـە مێشـکدا هـات. چوو هەتا گەیشتە نەخڵستانێک. لە ناکاو چل ڕێوی لێ ئاسەلا بوون و کـە لـەو حاڵەدا بینیان، ئەوەندە تیتاڵییان پێ کرد کردیانە عەنتەری قـەو دارەکـا. بـەلام هیچ نەیخستە خۆی و وتی:

- هەر لە سەرەتاوە وا بووم.

پێکەوە چوونە پای دار خورماکان. چوونە قـەو دارەکـە و دەسـتیان کـردە

خورما خواردن. ڕێوی وتی:

- هەڤالینە لەوانەیە با هەڵکات و بکەونە خوارەوە. باشتر وایە کلکتان گرێ بدەنە دارەکەوە. قبووڵیان کرد. ڕێوی کلکی هەموویانی گرێ دایە دارەکەوە و خۆی هاتە خوارەوە.

پاش ماوەیێک دەنگی هەڵێنا:

- ئاگادار بن خاوەن باخەکە هات.

ڕێوییەکان کە کلکیان گرێ درابووە دارەکەوە نەیانتوانی هیچ بجووڵێن «کەوتنە گوو خواردن» و داوایان کرد یارمەتییان بدات. ڕێویش کلکی هەموویانی قرتاند. ڕۆژێ کە خەریک بوو پیاسەی دەکرد لە ناکاو شێری لێ ئاسەلا بوو. یەخەی پێ گرت و وتی:

- هەتیوە خوێڕییە کلاو دەنیتە سەر من؟!

- چۆن دەزانی کاری من بووە؟

- لە کلکە قرتیاوەکەتا.

ڕێوی بزەیێکی هاتێ و وتی:

- هۆزی ئێمە هەموویان وان.

ئینجا دەنگی هەڵێنا و چل ڕێوی ئاسەلا بوون. شێر دەمی بووە تەڵەی تەقیاگ و دوور کەوتەوە.

ڕێوی کە لە دەستی شێر ڕزگاری بوو، ویستی پیاسەیێک بکات. لە ناکاو پیاوێکی چاو پێ کەوت خەم و پەژارە دایگرتبوو. دوای چاک و چۆنی پێی وت:

- سەماوەر وەرشەو قۆڕیە خڕەکەت/ هەرخۆم بە قوربان دڵە پڕەکەت[1]

١- فولکلۆر.

- بۆ ئەوەندە خەمباری؟

پیاوەکە وڵامی دایەوە:

- گرتمان من دەردی دڵی خۆمم پێت وت، تۆ چیت پێ دەکرێ؟

ڕێوی وتی:

- تۆ بیڵێ، ڕەنگە بتوانم «سەربەنێکت بۆ گرێ دەم».

پیاوەکەیش بە خەمباریەوە وتی:

- وەڵلاهی نۆکەری دێوێکی ڕەشم و زۆریش لێی ئەترسم. هەموو ساڵێ لە کاتی خەلە و خەرماندا دێت، هەمووی لە چنگم دەرئەهێنێ و دەڕوات.

ڕێوی وڵامی دایەوە:

- گوێ بگرە بزانە دەڵێم چی. هەروا کە دەزانی دێو لە ئەسپ ئەترسێ، چون هەر چاوی بکەوێتە یاڵەکەی دەمرێت. ئەمجارە کە هاتەوە هەژگەڵێک ئەبەسمە خۆمەوە و دەیکەمە تەپوتۆز. ئەگەر لێتی پرسی ئەو تەپوتۆزە چییە؟ بڵێ شۆڕەسوارانی خانن بەرەو ئێرە دێن. کە پەشۆکا پێی بڵێ بچێتە نێو تەلیسێکەوە. کە چووە نێوی بیدوورێنە.


کە دێوەکە هات ڕێوی چی وتبوو هەمووی جێبەجێ کرد. ڕێوی گاشە بەردێکی هەڵگرت و دای بە سەریدا.

لەو ڕۆژە بە دواوە کابرا بە ئاسوودەییەوە خەلە و خەرمانەکەی کۆ دەکاتەوە و دەیباتەوە ماڵێ.

پووشپەڕ۲۷۱۳

سەرچاوە:

۱- فرهنگ افسانەهای مردم ایران، جلد ۶، صص ۱۸۵/۱۸۷.



ڕێوی و کەڵەشێر

کۆکردنەوە: فەزلولڵا موهتەدی (سوبحی)

هەبوو نەبوو. کەڵەشێرێک هەبوو چەند جارێ کەوتبووە چنگ ڕێوی، بەڵام هەر جارەو بە فێڵێک خۆی دەرباز کردبوو. ڕۆژێک لە دەرەوەی ئاوایی بـە دوای خواردندا دەگەڕا کە لە دوورەوە چاوی کەوتە ڕێوی بەرەو لای دەهات. نەیتوانی خۆی بگەیەنێتەوە ئاوایی، لە ناچاریدا چووە سەر دارێک.

ڕێوی کە گەیشتە ژێر دارەکە وتی:

- ئەوە بۆ تا بینیمت کردتە سەر ئەو دارە؟

کەڵەشێرەکە وتی:

- چیم بکردایە دوو دەسماڵەم بۆت بکێشایە؟

ڕێوی وەڵامی دایەوە:

- مەگەر نەتبیستووە پادشا ڕایگەیاندووە تا ئێمە دەسەلاتمان بە دەستەوە بێ نابێت هیچ گیانلەبەرێک، گیانلەبـەرێکی‌تر بچەوسـێنێتەوە و لەمـە بـە دواوە دەبێ گورگ و مەڕ لە سەرچاوکەیێک ئاو بخۆنەوە. تۆیش وەرە خوارێ پێکـەوە

پیاسەیێک بکەین.

کەڵەشێر وتی:

- پیاسە کردن بە کۆمەڵ بێت خۆشترە نەک بە دوو کەس. ڕاوەستە با ئەو دوو، سێ جانەوەرە بەرەو لامان بێن ئینجا دەڕۆین.

- شێوەیان چۆنە؟

- جەستەیان وەکوو گورگە، بەلام گوێچکە و کلکیان لە گورگ درێژترە.

ڕێوی وتی:

- نەکا مەبەستت سەگەلی ئاواییە.

- ڕەنگە.

ڕێوی تا ناوی سەگی ژنەفت بۆی دەرچوو.

کەڵەشێر وتی:

- ئەوە بۆچی دەڕۆی؟

ڕێوی ولامی دایەوە:

- بۆ ئەوەی هیچ نێوانمان خۆش نییە.

کەڵەشێر وتی:

- مەگەر نەتوت پادشا وتوویە نابێ کەس زوڵم لەوی‌تر بکات؟

ڕێوی وتی:

- ئەم جرِ و جانەوەرانە لە شاردا نەبوون دەترسم قسەی پادشایان نەبیستبێ و هەڵمبدرن.

ئەمەی وت و وەک با دەرچوو.

پووشپەڕ ٢٧١٣

سەرچاوە:

١- فرهنگ افسانەهای مردم ایران، جلد ۶، صص ۲۱۰-۲۰۹.



ڕێوی فێڵەباز و گورگی سەپۆل[1]

کۆکردنەوە: عەلی‌ئەشرەف دەرویشیان

ڕێوی و گورگ و شێرێک لە دارستانێکی بژوێن و دڵبزوێندا دەژیان. ڕۆژێک کەڵێکی قەڵەو و چاوجوان هاتە سەر چاوکەییێک ئاو بخواتەوە. مرخیان لێ خۆش کرد ڕاوی بکەن.

ڕێوی وتی:

- من بچم؟

شێر وتی:

- ناتوانی.

گورگ وتی:

- من دەڕۆم.

١- فولکلۆری ناوچەی کرماشان (بێستوون)، بەڵام بە زمانی فارسی بلاو بووەتەوە.

شێر وتی:

- له توانای تۆشدا نییه، خۆم دەڕۆم.

ڕێوی و گورگ وتیان:

-قسه، قسەی گەورەمانه.

شێر کەڵەکەی ڕاو کرد و ئاوی دا بێخیا.

گورگ که قۆڕەی سکی دەهات بیرێکی کردەوه، ئینجا به کلکەسووته و زمانچەورییەوه له شێر نزیک بووەوه. له پڕێکدا قەپی کرده ناقیا و نقەی چنی، ئینجا دەستی کرد به خواردن.

ڕێوی هات و گوتی:

- براله، بەشم نادەی؟

گورگ گوتی:

- نەخێر.

ڕێوی گوتی:

- هەتیو هەواڵێکی خۆشم پێیه. لەم نزیکانەدا ڕاوێکی چاکم ناوەته ژێر سەر، وەره با بڕۆین.

گورگ گوتی:

- باشه.

ڕێوی سەوەتەیێکی هێنا و گوتی:

- بچۆره نێو ئەم سەوەته. بەرەو ئەو ماڵه تلێرت دەکەمەوه. که گەیشتی ڕاوێکی چاکی لێیه، هۆشت بێ دەرنەچێ.

گورگ گوتی:

- باشە براله، بەڵام جۆرێ تلێرم بکەرەوە نەپڕووکێم.

ڕێوی گوتی:

- بە چاوان.

ئینجا سەوەتەکەی شەتەک دا و تلێری کردەوە.

گورگ کە تلێر دەبووەوە قیڕاندی:

- ئەوە چیت کرد؟

ڕێوی گوتی:

-هیچ نییە.

سەوەتەکە کەوتە نێو دۆڵێکەوە. لە ناکاو دوو کەس گەیشتن و ئەوەندەیان لێی دا بای باڵیان بڕی. ڕێویش لە سەری کێوەکەوە پێدەکەنی.

گورگ بە هەر گیان کەنشتێ بوو هەڵات و دوای چەند ڕۆژێ کە ڕێوی بینییەوە لێی پرسی:

- دەرباوانت بگیرگیتە هەرگ، بۆ وات لێکردم؟

ڕێوی گوتی:

- کۆڵەشەڕ، ئەو شوێنەی کە چووی ماڵی ڕێوی بوو و دەیانویست ڕاوی بکەن. تاوانم چییە؟

ئینجا ڕێوی گوتی:

- وەرە پێکەوە بژین.

گورگ گوتی:

- چی بکەین؟

ڕێوی گوتی:

- ببینە دۆست و هاوڕێ. من سێ بێچووم هەیە، ئەی تۆ؟

گورگ گوتی:

- منیش چوار بێچووم هەیە.

ڕێوی گوتی:

- ڕەحمەت لەو شیرەت. وەرە پێکەوە بێچووەکانمان گەورە بکەین.

ڕۆژی دوایی گورگ گوتی بە ڕێوی:

- کاکە تۆ ئاگات لە بێچووەکان بێ، لەو خوارەوە ڕانەمەڕێک هەیە. دەڕۆم بەلکوو شتێکم دەس کەوێ.

هەر کە گورگ دوور کەوتەوە، ڕێوی دوو بێچووە گورگی خوارد. کە گەڕایەوە دەستی کردە فینگەفینگ و خۆی دە قوڕ گرت.

گورگ گوتی:

- چی قەوماوە؟

- دوان لە بێچووەکانمان مردن.

- هی کاممان؟

- ئەم قسانەت ئازارم دەدا. حاشا ئیتر برای من نیت. خێر خۆت و ڕۆژی خۆت.

- ئێستە چی بووە؟ بۆ دەڕۆی؟

-تۆ کە جیاوازی دەخەیتە نێوان بێچووەکانمان، شیاوی برایی نیت.

- قەیدێ ناکا، فیدای سەرت.

ماوەیێکیتری پێچوو. ڕۆژێک گورگ چوو بۆ ڕاو و ڕێوی دوو بێچووەکەیتریشی خوارد. کە گورگ گەڕایەوە، بە گریانەوە وتی:

- دوو بێچووی‌ترمان مردن.

- بێچووەکانی من یان تۆ؟

- ئیتر برای تۆ نیم. بێچووی من و تۆ جیاوازییان چیە؟ کەوایە هەر کەس بێچووەکانی خۆی ببات.

- دەزانی دەڵێی چی؟ هەر چوار بێچووەکەمت خواردووە.

- تاوانباریشم دەکەی؟

ئینجا دەستی کردە گریان. لە پاش ماوەیێک گوتی:

- کاکە، خەم مەخۆ. لە سەرەتاوە دیار بوو بێچووە زەردەڵەکانت دەمرن. گوێ بگرە بزانە دەڵێم چی. کەنوو هەنگوینێک هەیە، پێکەوە بچین بیهێنین و بیخۆین. نەکوا ڕۆژێک بە بێچووەکانمانەوە بدەن و بیانکوژن.

گورگ گوتی:

- لە کوێیە؟

ڕێوی گوتی:

- لە ناو قەدی ئەو کێوەدایە.

ڕێوی گوریسێکی بەستە ناو قەدی و شۆڕی کردەوە.

کە گورگ گەیشتە کەنووەکە ڕێوی لە دواوە دەستی کردە خواردنی.

گورگ قیڕاندی:

- بۆ لە پشتەوە دەخۆی؟ وەرە لە سنگمەوە دەست پێ بکە کە هەمووی گۆشت و چەورییە.


ڕێوی کە دەیزانی چ خەونێکی بۆی بینیوە گوتی:

- سپاس، هەر ئێرە باشترە. خەم مەخۆ دەگەمە ئەوێش.

ڕەزبەر ٢٧١٢

سەرچاوە:

١ - فرهنگ افسانه‌های مردم ایران، جلد ۶، صص ۱۹۶-۱۹۳.



ڕێوی و چالەکە[1]

کۆکردنەوە: مەنسوور یاقووتی

هەبوو، نەبوو. بێجگە خـودا کەسـێ نـەبوو. ڕێـوی و چالەکـەیێک پێکـەوە دەژیـان. هـەموو ڕۆژێ بـەیانی زوو لـە خـەو هەڵدەسـتان و ئـەچوون بـۆ ڕاو. هەرچییان دەس کەوتایە پێکـەوە بەشـیان دەکـرد و هەنـدێکیان بـۆ پاشـەڕۆژ هەڵدەگرت. ڕۆژێکی پاییزی کە پێکەوە دەگـەڕان لـە ناکـاو تووشـی گورگێـک هاتن. گورگ بە تووڕەییەوە بەرەو لایان دەهات.

ڕێوی کە دەیزانی دەرچوونیان بۆ نییە، بیرێکی کردەوە و بـە هاوڕێیەکـەی وت:

- وەرە شـەڕ بکەین. ئەگەر پرسی بۆ وا دەکـەن، بێـژین شـەش منداڵـمان هەیە و دەمانەوێ لە یەک جیا بینەوە. بێژە ئەو سیانەیان کە زۆر جـوانن دەبـێ

١- فولکلۆری ناوچەی کولیایی (کرماشان)، بەلام بە زمانی فارسی بلاو بووەتەوە.

من بیانبەم، منیش دەڵێم نەخێر مافی خۆمە.

گورگ هاتە لایان و بینی کە مشتومڕیانە. چوو بە گژیاندا و وتی:

- بۆچی هاتوونەتە نێو مولکی من و شەڕ دەکەن؟ هەر ئێستا هەردووکتان دەخۆم.

ڕێوی کڕنۆشی برد و وتی:

- گەورەم! دەمانویست بینە لای جەنابت تا لە نێوانماندا داوەری بکەیت.

ئینجا بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە.

گورگ لە بەر خۆیەوە وتی:

- جارێ نایانخۆم، کە کولانەکەیانم دۆزییەوە خۆیان و بێچووەکانیان دەخۆم. ئاخر گۆشتی بێچوو زۆر تەرچک و خۆشە.

گورگ وتی:

- هەرچەند زۆر سەرقالم، بەلام لە بەر ئەوەی نامەوێ لەم ناوچەیەدا گیروگرفتێک لە نێوان ئاژەڵەکاندا پەیدا ببێ لەگەڵتان دێم.

کەوتنە ڕێ. ڕێوی بە دزییەوە بە چالەکەی وت:

- کە چوویتە نێو کولانەکەوە نەیتە دەرەوە.

کولانەکەیان زۆر بچووک بوو و تەنیا ڕێوی و چالەکە دەیانتوانی پێدا بێن و بڕۆن.

ڕێوی وتی:

- ئەگەر ڕێگا بدەن دەڕۆم منداڵەکان دێنمە دەرەوە.

چالەکە قیژاندی:

- نەخێر، نابێ ڕێوی بچێت.

گورگ وتی:

- باشه، تۆ بڕۆ و زوو بێرەوە.

گورگ و ڕێوی ماوەیێکی زۆر چاوەڕێی بوون، بەڵام چاڵەکەکە نەهاتە دەرەوە.

گورگ کە قۆڕەی سکی دەهات، وتی:

- بڕۆ بزانە ئەم قوڕمساخە بۆ نایتە دەرەوە؟

ڕێوی وتی:

- خۆتان بینیتان، ئێستا حەقم پێ ئەدەن؟

چووە نێو کولانەکەوە، سەری هێنا دەرێ و گوتی:

- مامە گیان! ئاشتمان بووەوە، دەتوانی بچی.

خەرمانان ٢٧١٢

سەرچاوە:

١- فرهنگ افسانەهای مردم ایران، جلد ۶، صص ٢٥٩-٢٥٧.



گورگ و ڕێوی[1]

کۆکردنەوە: سەمەد بێهرەنگی، بێهرووز دێهقانی

ڕێوییێک لە ڕێگەیێکدا ڕاکشابوو و خۆی دابوو لە مـردن، لـەو سەردەمەشـدا کەوڵەکەی زۆر بەنرخ بوو. کۆمەڵـێک هـەبوون بووکیـان دەگواسـتەوە، هەرکـە ڕێوییان بینی هەڵیانگرت و خستیانە جواڵـەی ئەسـپی بووکەکـەوە. لـە پڕێکـدا بووک شتێکی لێوە دەرچوو. ڕێوی گوێی لێ بوو و وتی:

- بووکەخان دەتەوێ ناوت بزڕێنم؟

بووک پەشۆکا و وتی:

- لە دەورت گەڕێم ڕێوی نەکەی بیڵێی. ملوانکەکەمت ئەدەمێ.

ڕێوی ملوانکەکەی وەرگرت و گوتی:

- من خۆمم بۆ ڕاناگیرێ، دەیڵێم.

١- فولکلۆری ناوچەی ئازەربایجانی ئێران.

بووکەکە پاڕایەوە و گوتی:

- خرخاڵەکانیشم بۆ تۆ، ئیتر هیچ مەڵێ.

ڕێوی خرخاڵەکانیشی وەرگرت و ئەوەندە سەری خستەسەری کە هیچی بۆ نەمایەوە. ئینجا لە سەر ئەسپەکە دابەزی و بە دەم هەڵاتنەوە دەیوت:

- خەڵکینە بزانن کە بووک ئیشێکی خراپی لێ هەستاوەتەوە.

پاش ماوەیێک تووشی گورگێک هات. گورگ ڕێوی بینی کە سەر تا پای ئەدرەوشێتەوە. لێی پرسی:

- هاوڕێیەکەم ئەمانە چین؟

ڕێوی گوتی:

- مشتێ مت و مووروو. ئیتر وازم لە گەڕاڵی هێناوە و وردەواڵە دەفرۆشم.

گورگ گوتی:

- نانت کەوتۆتە ڕۆنەوە. دە پێم بڵێ دەسمایەکەت لە کوێ هێناوە؟

ڕێوی گوتی:

- لە نێو ئەو چۆمەوە. ئێوارە بڕۆ کلکت بخەرە نێو ئاوەکە و چاوەڕێ بە. بەیانی کە کلکت دەرئەهێنی ئەوەندە زێڕ و زیوی پێوە دەنووسێ نەتوانی بجووڵێی. ئەو کات دەتوانی وەک من کاسبی بکەیت و واز لە گەڕاڵی بێنی.

گورگ باوەڕی کرد و لە بەر خۆیەوە گوتی:

- چەندە کەمتەرخەم بووم.

ئێوارە چوو کلکی خستە نێو ئاوەکە و چاوەڕێ بوو.

زستان بوو و تفت هەڵخستبا لە ئاسمانا ئەیبەست. ئاوی چۆمەکە بەستی و گورگ گیری کرد. سەرلەبەیانی کلکی جووڵاندەوە، بینی کە زۆر قورس بووە. لە

بەر خۆیەوە گوتی:

- باشتر وایە پەلە نەکەم تا خشڵی زۆرتر بە کلکمەوە بنووسێ.

عەرەبانەچییەکان کە دەچوون بۆ ئیش و کار، گورگیان بینی لە لێواری چۆمەکەوە دانیشتووە و هیچ ناجووڵێت. وەیانزانی خۆی بۆ بزنەکان مەڵاس داوە، هەر بۆیە شالاویان برد بۆی. گورگ لە ناکاو هەڵات و کلکی لە بنەوە قرتیا. لە کاتێکدا هەڵدەهات و لە جێی کلکیەوە خوێن دەچۆڕا گوتی:

- ڕێوی فێڵەباز دەزانم چ بەڵاییێکت بە سەر دێنم.

کە ڕێوی بینی گوتی:

- وەرە با بتخۆم. وتت کلکم بخەمە نێو سەهۆڵ تا لە بنەوە بقرتێ.

ڕێوی مریشکێکی گرتبووە دەمەوە و گوێی لە قسەکانی دەگرت. کە قسەکانی تەواو بوو گوتی:

- ژاوەژاو مەکە. خۆت کاڵفامی سووچی من چییە؟ زووتر کلکت دەربهێنایە کە نەقرتایە. منیش وازم لە وردەواڵەفرۆشی هێناوە و قەساوی دەکەم. ئەگەر بتەوێ فێرت دەکەم چی بکەیت و بتوانی پارەییێکی زۆر کۆ بکەیتەوە.

گورگ گوتی:

- دەسمایەم لە کوێ بوو؟

ڕێوی گوتی:

- فلان خانوو مریشک و کەڵەشێرێکی زۆری لێیە. بڕۆ چەند دانەیان بگرە.

گورگ شەو خۆی کردە کولانەی مریشک و کەڵەشێرەکاندا. خاوەن ماڵ لە دەنگی مریشکەکان ڕاچلەکی. چێوێکی هەڵگرت؛ تێروپڕی لێدا و ڕاوی نا.

گورگ کە ئەوەندەیان لێ دا بوو نەیدەتوانی بجوولێتەوە، لـە بـەر خۆیـەوە وتی:

- ئای فێڵەباز، ئەمجارە ناتوانی لە دەستم دەرچی و پاسای بکـەی. باوکـت دێنمە پێش چاوت.

ڕێوی بینی کە گورگ خوێن بەرچاوی گرتووە، چووە نێو ئاشێکەوە و سـەر و ڕووی خۆی نایە ئارد و لە سەر جۆگەلە ئاوێک دانیشت.

گورگ لە ئاشەکە نزیک بووەوە و قیڕاندی:

- سەگباب، ئەمجارە ئیتر دەتخۆم و حەسرەتی ئـەم دنیایـە دەنێمـە سـەر دلت.

ڕێوی گوتی:

- ئەم قسە قۆڕانە کێ فێری کردووی؟ لە سمنجی خۆتـە هـەر چیـت فێـر دەکەم ناتوانی پارووە نانێکی لێ دەسـت بخـەیت. ئینجـا بـە چ ڕوویێکـەوە بـە سەرمدا ئەبۆلێنی؟ ئەگەر دەتەوێ ئەم ئاشەم بەکرێ گرتووە. وەرە پێکەوە ببینە شەریک.

گورگ گوتی:

- چەشکەی هیچێکم نەکردووە. بەردلێک بخەم ئینجا ڕێک دەکەوین.

ڕێوی گوتی:

- بچۆرە ژوورەوە. بەرداشەکان ئاردیان پێوەیە، بیلێسەرەوە.

هەر کە دەمی گەیشتە بەرداشـەکان، ڕێـوی ئاوەکـەی هەڵـکرد و ئاشـەکە کەوتە کار. گورگ دەم و چاوی بریندار بوو.

ڕێوی بۆی دەرچـوو و بـڕێ شووڵـی کـۆ کـردەوە. ئینجـا دەسـتی کـردە

سەوەتەچنین.

گورگ کە دەم و چاوی خوێناوڵ ببوو، هات و گوتی:

- قوڕمساخ، ئەمجارە ناتوانی تەفرەم بدەی. وەرە دەمەوێ بتخۆم.

ڕێوی سەرێکی لەقاند و گوتی:

- ئەمەیە دەڵێن «خاسیکەرە، خۆڵ بە سەرە» گەوجی بەسە. وەرە با فێرت بکەم چۆن سەوەتە بچنی.

گورگ چووە پێشەوە و گوتی:

- چلۆن فێر ببم؟

ڕێوی گوتی:

- بچۆرە نێو سەوەتەکەوە، سەیر بکە با فێر ببیت.

گورگ لە نێو سەوەتەکەدا هەڵتووتا و ڕێویش دەستی کرد بە چنین.

گورگ گوتی:

- برا خۆ من هیچ فێر نابم.

ڕێوی گوتی:

- لە جیاتی قسە کردن سەیر کە با فێر ببیت.

گورگ تا هات فێری سەوەتەچنین ببێت، ڕێوی سەوەتەکەی شەتەک دا. شوانێک لەو پێدەشتەوە ڕادەبرد. ڕێوی گوتی:

- خاڵۆ، کەنووە هەنگوێنێکم هەیە، دەتەوێ؟ ئینجا سەوەتەکەی تلێر کردەوە.

شوانە هەڵیگرت و بردیەوە ماڵێ. بە دایکی گوت:

- کەنووە هەنگوێنێکم هێناوەتەوە، نەکەی بە براکانم بڵێی. دەمەوێ

بەیانیان لێی بخۆم تا گیانێکم پێدا بێتەوە.

بەیانی دایکی هەستا، دەستێکی کردە کونی سەوەتەکەدا و نایە دەمی. بینی کە زۆر تامسارە. چوو باسەکەی بۆ کوڕەکەی گێڕایەوە. کوڕەکەی گوتی:

- لاچۆ بزانم. دەڵێی تا ئێستا چەند جار خواردووتە.

چوو دەستێکی کردە کونی سەوەتەکەدا. تومەز لەو کاتەدا گورگ باوێشک ئەدات و دەستی ئەچێتە قوڕگیا. لە پڕێکدا شوانە هاواری لێ هەستا و چوو تێلاییکی هێنا. سەوەتەکەی شکاند و گورگ هاتە دەرەوە. ئەوەندەیان لێ دا ئاخ و ئۆخیان لێ بڕی. گورگ بە هەر گیان‌کەنشتێ بوو لە دەستی شوان و براکانی هەڵات و بە لەتردان دوور کەوتەوە. لە بەر خۆیەوە گوتی:

- گەر بیبینم دەزانم چی بە سەردا دێنم.

سەیری کرد لە سەر دیوارێک دانیشتووە، گوتی:

- وەرە خوارێ بەلەعنەت بی.

ڕێوی گوتی:

- هەر ئێستا لە بیر خواردنێکی خۆشدا بووم بۆت. سەیر کە چ باخێکم کڕیوە.

گورگ گوتی:

- بێژە باخەوانەکەت دەرکەم بۆ بکاتەوە.

ڕێوی گوتی:

- باخەوانەکەم لە ژوورەوە خەریکی ترێ چنینەوەیە، خۆت بپەڕە و بێرە نێو باخەکەوە.

گورگ لە دیوارەکە سەرکەوت و چووە نێو باخەکەوە.

ڕێوی پێی گوت:

- فەرموو لەو چەوریيە بخۆ، دوایی گلەیی نەکەی.

گورگ وتی:

- خۆت بۆ ناخوێ؟

ڕێوی وتی:

- بە ڕۆژووم.

گورگ هەر دەمی گەیشتە چەوریيەکە، بووە تەڵەوە و چەوریش کەوتە بەردەم ڕێوی. ڕێویش بیسمیلایکی وت و خواردی. گورگ وتی:

- مەگەر نەتوت بەڕۆژووم؟

ڕێوی وتی:

- با، بەڵام مانگم بینی ڕۆژووەکەم کردەوە.

گورگ وتی:

- کەنگێ جێژنی ڕەمەزانە؟

ڕێوی وتی:

- ئەو کاتەیە خاوەن باخەکە بێت.

لەولاشەوە باخەوانەکە کوڕەکەی ناردبوو سەیری تەڵەکە بکات. کوڕە کە گورگی بینی باوکی بانگ کرد و هەردووکیان ئەوەندەیان لێ دا بای باڵیان بڕی.

گورگ بە ڕێوی وت:

- مەگەر نەتوت ئەم باخەم کڕیوە، قەباڵەکەیان پیشان بدە با وازم لێ بێنن.

ڕێوی گوتی:

-پێشینیان وتوویانە «ڕێوی تا قەبالەی خۆی خوێند، پێستیان کەند». کە باخەوان وکوڕەکەی چوون ڕێوی لێی نزیک بووەوە.

گورگ وتی:

- خەریکم دەمرم، ڕزگارم کە.

ڕێوی وتی:

- هیچم لە دەست نایە. ئەگەر دەتەوێ ڕزگاریت بێ خۆت بکە تۆپیو.

گورگ خۆی کردە تۆپیو. کە باخەوان تەڵەکەی کردەوە، گورگ هەڵات و بە ڕێوی وت:

- نادروست کە ئەمجارە بتگرم ئەتخۆم.

پیرەشێرێک لە دارستاندا دەژیا. ڕێوی کە دەیزانی دەرچوونی بۆ نییە، وتی:

- باشتر وایە بڕۆم لە خزمەتی شێردا بم. گورگ لێی ئەترسێ و پێی ناوێرێ.

چووە لای شێر و وتی:

- گەورەم ئەگەر ڕێگا بدەن دەمەوێ لە خزمەتتدا بم. جەنابتان لە ماڵەوە دائەنیشن و منیش خواردنت بۆ ئامادە دەکەم.

شێر وتی:

- باشە.

گورگ قوشقی ببوو. دەیویست بیگرێت و هەڵیدڕێنێ. بۆی دەرکەوت لە خزمەتی شێردایە. ئەویش چووە لای شێر و وتی:

- گەورەم ئەگەر ڕێگا بدەی دەمەوێ لە خزمەتی تۆدا بم.

شێر ئەویشی قبووڵ کرد.

یەکە یەکە دەچوون و خواردنی شێریان دابین ئەکرد. ڕۆژێک شێر سەرئێشەی گرت. گورگ لای شێر مابووەوە و ڕێویش چووبووە دەرێ. کە گەڕایەوە گورگ چوو بە گژیدا و وتی:

- بەوتەشک، مەگەر نازانی ئاغا نەخۆشە؟! کەچی تۆ دەچی بۆ خوێڕی بازی؟

ڕێوی گوتی:

- چووبوومە لای حەکیم.

گورگ گوتی:

- دەباشە، چی گوت؟

وڵامی دایەوە:

-تەنیا بە ئاغای دەڵێم.

شێر لایێکی لێ کردەوە و گورگ چووە دەرێ.

ڕێوی چرپاندیە گوێیدا و گوتی:

- حەکیم دەڵێ دەوای ئەم سەرێشەتە گۆشتی سینگی گورگە.

شێر گوتی:

-شتێکی دەگمەنیشی نەوتووە. لای خۆمان دەست ئەکەوێ.

ڕێوی چوو بە گورگی گوت:

- بڕۆ ئاغا بانگت ئەکا.

هەر کە گورگ لە شێر نزیک بووەوە قەپی بۆ سینگی داوەشاند و پارچەیێکی لێ کردەوە. گورگ بە لوورەلوور ڕایکرد.

لە کاتێکدا هەموو لەشی خوێناوڵ ببوو، ڕێوی دوای کەوت و لێی پرسی:

- بۆ کوێ دەرئەچی هاوڕێیە سوور پۆشەکەم؟

گورگ گوتی:

- بچۆ فێڵەباز، دۆعای خێر بکە کاتێک کەوتوویتە دەستم کە هیچم لێ نایە.

ئەمەی وت و تۆپی.

خەزەڵوەر ٢٧١٢

سەرچاوە:

- افسانەهای آذربایجان، صص ٢٢٠-٢١٢.



گورگ و ڕێوی[1]

وێژەر: عەلی ئاسمەند، حسێن خوسرەوی

باخەوانێکی پیر باخە هەنگوورێکی بوو، ڕێوییێکیش فێری بوو دەهات و لێی دەخوارد. باخەوان پێی زانی و تەڵەی بۆ نایەوە، پلێ چەوریشی بۆ دانا.

شەو کە ڕێوی هات و تەڵەکەی بینی، دوو قەرانییەکەی داکەوت و پێچیەو کرد. لە نێو دارستاندا پیاسەی دەکرد کە گورگێکی بینی. بە زمانچەورییەوە لێی نزیک بووەوە و وتی:

- ماڵت بە قوڕێ نەگیرێ لە کوێی سەعاتێکە لێت دەگەڕێم.

گورگ وڵامی دایەوە:

- چ کارێکت پێمە؟

ڕێوی گوتی:

١- فولکلۆری ناوچەی چوارمەحاڵ و بەختیاری.

- دوێشەو زەماوەندی براکەم بوو و جێگەت سەوز بوو؛ بەلام پلێ چەوریم بۆ هەلگرتووی.

گورگیش کە قۆڕەی سکی دەهات و ئاو زاییبووە دەمی، گوتی:

- کوا؟ لە کوێیە؟

کەوتنە ڕێ و ڕێوی باخێکی پیشان دا و گوتی:

- فەرموو چەورییەکە لە نێو باخەکەدایە.

گورگ هەر چاوی کەوتە چەوری ئیمانی هەردە بوو و شالاوی بۆی برد.

هەر دەمی گەیشتە چەوری بووە تەلەوە و چەوریش کەوتە بەردەم ڕێوی. ڕێویش چەورییەکەی هەلگرت، چووە سەر دیواری باخەکە و خواردی. ئینجا دەنگی هەلێنا و گوتی:

- هۆ باخەوان ئەوە لە کوێی؟

باخەوان کە دەنگی ڕێوی بیست، پێی وابوو بووەتە تەلەکەوە، بێلاسنێکی هەلگرت و هات. ڕێوی لە دیوارەکە هاتە خوار و خۆی دزییەوە. باخەوانیش بەربووە گیانی گورگ و ئازای ئەنامی ڕەش و کەوگەو کرد.

گورگ کە هەموو گیانی خوێناول ببوو، بە هەر گیانکەنشتێ بوو لە دەست باخەوان هەلات و بۆی دەرچوو.

پاش چەند ڕۆژێ کە گیانێکی پێدا هاتەوە، بڕیاری دا ڕێوی بگرێت و کەولی بکات. ڕۆژێک کە لە نێچیر دەگەڕا لە دوورەوە ڕێوی بینی. ڕێویش لێو لە بان دەمیەوە ڕەق بوو و خۆی گەیاندە بیرێک. لە سەر بیرەکە دوو دۆلچە هەلواسرا بوو کە کاتێ یەکیان دەچووە خوار ئەوی‌تریان دەهاتە سەر. ڕێوی چووە نێو دۆلچەیێک و چووە خوارەوە. کە گەیشتە بن بیرەکە بەردێکی سپی

هەڵگرت و چاوەنواڕی گورگ بوو. کە گورگ گەیشتە سەر بیرەکە وتی:

– هەتیوە خوێڕییە! دڵنیا بە ئەم دڕکە لە ژێر پات دەرتێرم.

ڕێوی بە ترسەوە گوتی:

– ئامۆزا گیان! بڕوا بکە بێتاوانم، هەمووی خەتای باخەوانە، ئەوەش چەوریـیە کە لەگرە دامنابوو با دەستی کەسی پێ ڕانەگات.

گورگ کە چاوی کەوتە بەردەکە گوتی:

– زوو بیهێنە کە لە دوێنێوە تا ئێستا هیچم نەخواردووە.

ڕێوی جوابی دایەوە:

– کاکەلێ ئێوە وەرنە خوارێ. لێرە هەم فێنکە، هەم ئاویش هەیە.

گورگ هەر چووە نێو دۆڵچەکە تا بێتە خوارەوە، ڕێوی کە لە نێو ئەو دۆڵچەکەیتردا دانیشتبوو چووە سەر. هەر گەیشتە لێواری بیرەکە بۆی دەرچوو.

پاش ماوەیێک شوانەکان هاتن بزنەکانیان ئاو بدەن. کە دۆڵچەکەیان دەکێشا بینیان زۆر قورسە. کە گورگیان بینی ئەوەندەیان لێی دا ئاخ و ئۆخیان لێ بڕی و دوایی‌کە پێیان وا بوو تۆپیوە خستیانە نێو دۆڵێکەوە.

پاش چەند ڕۆژێک کە ڕێوی بینییەوە، پێی گوت:

– فێڵەباز، ئیتر ئەمجارە دەرچوونت بۆ نییە.

ڕێوی گوتی:

– برالە پێم وایە هەڵەت کردووە. من لە هۆزی کلک دوگمەییم و ڕێخ لە نێو کلاشماندا نییە.

گورگ کە چاوی کەوتە دوگمەکە کوتەک خواردنی لە بیرەوە چوو و وتی:

- چەندە جوانە! بریا منیش کلکم وەها بوایە.

ڕێوی گوتی:

- ئەگەر ئەتەوێ کلکت وەکوو هی منی لێ بێ، دەبێ شەوێکی ساردی پاییزی کلکت بخەیە نێو ئاوی ئاشێکەوە. بەیانی دوگمەیێکی جوان بە کلکتەوە دەنووسێ.

گورگ ڕۆیشت و کلکی خستە نێو ئاوی ئاشێکەوە. دوای ماوەیێک ئاوەکە بەستی و گورگ گیری کرد.

بەیانی کە ئاشەوان ویستی ئاوەکە هەڵکا بینی ئاو نییە. سەیری کرد گورگ بەر ئاوەکەی گرتووە. کام لات دێشێ کوتای و کە ویستی دەرچێ کلکی قرتیا.

بۆ بەیانی کە ڕێوی بینییەوە، سەیری کرد خەریکی سەوەتە چنینە.

چووە گژیا و وتی:

- فێڵەباز، وات لێ هاتووە دەمەخەڵەتێنی؟

ڕێوی گوتی:

- ها، چییە ئەوەندە تووڕەیت؟ ئێمە خێڵی سەوەتە چنگەل خەریک کار خۆمانین. ئەو ڕێوییەی کە وای لێ کردووی ڕەنگە لە هۆزی کلک دوگمەیی بووبێت.

گورگ گوتی:

- بە خودا ڕاست ئەکەی. پێم بڵێ لە کوێ دەتوانم بیدۆزمەوە؟

ڕێوی وڵامی دایەوە:

- دەمێکە هیچیانم نەبینیوە. ڕەنگە زستانی پار هەموویان ڕەق

هەلاتبێتن.

گورگ وتی:

- ئێستە بڵێ ئەم سەوەتەتە بۆ چییە؟

ڕێوی:

- وەڵلاهی بۆ زستانە، بۆ ئەوەی تووشی بەفر و سەرما نەبم.

گورگ:

- بۆ منیش دروست ئەکەی؟

ڕێوی:

- بە سەر چاو. ماڵەکەم لە سەر ئەو تەپۆڵکەیە، سبەینێ وەرە و وەریگرە.

ڕۆژی دوایی گورگ بە خۆشحاڵییەوە چوو بۆ ماڵی ڕێوی. ڕێوی چووە پیریەوە و گوتی:

- ئەوەش سەوەتەکە، بچۆرە ناوی بزانە چۆنە.

هەر کە گورگ چووە نێو سەوەتەکە ڕێوی سەوەتەکەی شەتەک دا و تلێری کردەوە.

سەوەتەکە کەوتە نێو ڕۆخانە و ئاو بردی.

ڕەشەمە ٢٧١٢

سەرچاوە:

١- افسانەهای چهارمحال و بختیاری، صص ٣٩-٣٥.



ڕێوی جامقولیباز[1]

نووسینەوە: مێهدی ئازەریەزدی

لە چۆڵەوانییێکدا گورگێک دەژیا کە هەموو ڕۆژێ لەو نێوەدا خولەی دەهات و هەر ئاژەڵێکی دەس کەوتایە دەیخوارد. ڕۆژێک هەرچی گەڕا هیچی دەس نەکەوت. قوڕەی سکی دەهات. لە بەر خۆیەوە گوتی:

- باشتر وایە بڕۆمە نێو گوند و مریشکێ، کەڵەبابێک بقاچێنم.

بەڵام زۆر زوو پەژیوان بووەوە، چونکە لە سەگ دەترسا و نەیدەوێرا تـوخنی کەوێ.

لەم بیر و خەیاڵەدا بوو کە لە دوورەوە کەروێشکێکی بینی کە لە بن هەژگێکدا خەوی لێکەوتبوو. ئاو زاییە دەمی و لە بەر خۆیەوە وتی: گەر شانسم هەبێت و خەبەری نەبێتەوە نانم لە نێو ڕۆندایە، بەڵام ئەگەر بێت و لە دەستم

١- چیرۆکێک لە «کلیله و دمنه».

دەرچێ گرتنی ئەستەمە.

پسکەپسک چوو خۆی گەیاندە لای، تووکە شەقێکی پیا دا و وتی:

- دە هەستە. تاکەی دەخەوی؟

ئینجا بە تەوسەوە وتی:

- باوڕێ هیچ هەواڵمان ناپرسی!!

کەروێشک کە لە خەو ڕاچلەکی و گورگی بینی، تف لە دەمیا وشک بوو. زانی کە خراپ تووش بووە و دەرچوونی بۆ نیە. هیچ نەیخستە خۆی و وتی:

- گەورەم، هەمیشە هەواڵم پرسیوی. هەر چۆنێ بێت گەورەیکیان وتووە، بچووکێکیان وتووە.

گورگ لە زەوقی دا و وتی:

- وس بە بەدبەخت. خۆم زوخاڵ فرۆشم گەرەکتە من ڕەش کەی؟ ئێستە کە خراپ تووش بووی کەوتیتە خولتەکردن. لە بەیانییەوە تا ئێستا هیچم نەخواردووە دەمەوێ بتخۆم.

کەروێشک زانی کە گورگ بە هیچ کلووجێ ناخلەتێ، گوتی:

- پووکاوڵ ناوچاوم بێت ئەگەر زمانچەوریت بۆ بکەم. لە خزمەتتام و هەرچێ بێژیت بە سەر چاو دەیکەم.

گورگ وتی: دەپێم بڵێ چی دەتوانی بکەیت؟

کەروێشک وتی:

- خۆت ئەزانی لە چنگی تۆدام و دەرچوونم بۆ نییە. تۆش برسیتە و هەر کاتێ بتەوێ دەتوانی بمخۆی. وایە یان نا؟

گورگ وڵامی دایەوە:

- بەڵێ وەڵلا.

کەروێشک وتی:

- دەی باشە، دەڵـێن خنکـاو پـەلاماری پووشـیش ئـەدا. لـەم نێزیکانـەدا ڕێوییێکی قەڵەو هەیـە ئەگـەر بتـەوێ لـە خشـتەی ئەبـەم و دەیخەمـە تـۆڕت. ئەگەریش تێرت نەخوارد منیش بخۆ.

گورگ سی و دوو دڵەی خۆی کرد و لە بەر خۆیەوە گوتی:

- لە مشتێ پێشە و پلان زیاتر هیچی نیە. ئەگەر ڕێوی کەوتە تـۆڕم هـیچ، ئەگینا هەر خۆی دەخۆم.

ئینجا بە کەروێشکی گوت:

- ئەوا دەڕۆین. ئەگەر بتەوێ بمخەڵەتێنی چەرمی چاوت ڕەق دەکەم.

هەر دووکیان ملـی ڕێگایـان گرتـە بـەر، تـا گەیشـتنە بـەر ماڵـی ڕێـوی. کەروێشک وتی:

- مامە گیان، تۆزێ ڕاوەستە تا دێمەوە.

دەمێک بوو کەروێشک لـە دسـتی ڕێـوی دڵـی خـوێن بـوو و دەیەویسـت پەنێکی پێ بـدات. چـووە نێـو کولانەکـەی و سـلاوی لـێ کـرد. ڕێـوی چـووە پیرییـەوە و وتی:

- بەهـ بەهـ پاییزە برا! کەر کوێ تۆپیوە کەوتیـە بیر ئێمە؟! یا خوا بـە خێـر بێت.

کەروێشک وتی:

- براله بە خودا زۆر تاسەتم کردبوو و دەمویست بێمـە خزمـەتت. تـەنگ و چەڵەمەی ژیان ئەوەندە زۆرە نامپەرژێ سەری خۆم بخورێنم. ئـەوا ئیمـڕۆ ئـەم

هەڵە ڕەخسا و توانیم بێمە حزوورت. ڕاستی کۆنە دۆستێکم لە لا میوانە لە بواری شیعر و ئەدەبیاتدا کار دەکات و زۆر بە تاسەیە بتبینێ. ماڵەکەی مەکۆی نووسەران و شاعیران و ئەدیبانە. زۆری حەز لێیە تۆش لە کۆبوونەوەکانیاندا بەشداری بکەیت. ئەگەر ڕێگا بدەی بێتە خزمەتت، ئەگینا وەرە دەرەوە لەگەڵیا ئاشنا ببە.

ڕێوی کە خۆی لە زۆڵەکانی ڕۆژگار بوو، زانی کە ئەم ماستە بێ موو نیە. لە وڵامدا وتی:

- ئەوە چ قسەیێکە؟! ماڵ، ماڵی خۆتانە.

لە ناکاو وتی:

- تۆزێ ڕاوەستە تا دێمەوە. شیربرنجم لێ ناوە با سەرێکی لێ بدەم.

ڕۆیشتە هێشخان و لە پشتی پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی کرد. لەو لاشەوە کەرویشک بسکەی سوێلی دەهات، چونکە لە لاییێکەوە گورگی ڕازی دەکرد و خۆی دەرباز دەکرد. لە لایێکیتریشەوە تۆڵەی لە ڕێوی ئەسەندەوە و لە دواییشدا ئەنیشتە پای شیربرنجەکە. لەولاوە ڕێوی کە سەیری دەرەوەی کرد، گورگی بینی. لەبەر خۆیەوە وتی: شەرت بێ کارێکتان پێ بکەم با بە دەواری شڕی نەکردبێ.

هیچ نەیخستە خۆی. گەڕایەوە لای کەرویشک و وتی:

- بمبوورە جێم هێشتی. شیربرنجەکە دەکوڵا، ئاگرەکەی ژێریم کوژاندەوە با نەسووتێ. زۆر بە تاسەم هاوڕێکەت ببینم. چ شتێ لەوە خۆشترە لەم دوو ڕۆژی عومرەدا سەردانی یەکتر بکەین!! ئەگەر ڕێگا بدەی تۆزێ ماڵەکەم خاوێن کەمەوە و گوڵاوپرژێنی بکەم.

کەروێشک بینی کە درۆکانی کاری خۆیان کردووە، بۆیە گوتی:

- پێویست ناکا، هاوڕێکەم زۆر خاکەڕایە، بەلام هەر جۆرێ پێت خۆشە، با قسەی تۆ بێت.

گەڕایەوە لای گورگ و قسەکانی بۆ گێڕایەوە. وتیشی:

- بێجگە ئەم ڕێوییە، چەند چەقەڵ و ڕێوی‌تریشم ناوەتە ژێر سەر.

ڕێویش کە لە شوێنێکدا نەدەخەوت ئاو لە ژێری کەوێ، ماوەیێک لەمەوپێش لە پشتی دەرگای ماڵەکەیدا چاڵێکی قووڵی کەندبوو. تەختەیێکی نابووە سەری و بەڕە شڕەیێکی لێ ڕاخستبوو. دەسبەجێ تەختەکەی لابرد، بڕێ شووڵی خستە سەر چاڵەکە و فەرشێکی زۆر جوانیشی ڕاخست. لەو لاشەوە لە پشتی ماڵەکەیەوە درگاییکی‌تر هەبوو تەنیا خۆی پێی دەزانی. لە سووچێکەوە خۆی داگرت و گوتی:

- دەبێ بمبوورن زۆر بە چاوەڕوانی هێشتمنەوە.

کەروێشک و گورگ بە خۆشحاڵییەوە چوونە ژوورەوە. هەر کە گەیشتنە پشتی درگاکە، کەوتنە نێو چاڵەکە. گورگ کە پێی وابوو کەروێشک تەڵەی بۆ ناوەتەوە هەڵیدڕی.

ڕێوی دەنگی هەڵێنا:

- کەروێشک! کەروێشک!

گورگ لە بنی چاڵەکەوە هاتە دەنگ و وتی:

- کەروێشکی بەدفەڕ گەیشتە سزای خۆی، گوریسێک بێنە دەرم بێنە.

ڕێوی پێکەنی و وتی:

- بەڵێ، سزای ئەو کەسەی دۆستی خۆی دەفرۆشێت و «بە دۆسی دۆسی

ئەکەنێ پۆسی» هەر ئەوەیە، بەلام تۆش لەو کەرتری کە فریوی قسەکانی دەخۆیت. ئینجا وەکوو مێوان دێیتە مالەکەم و دەتەوێ وەک مار پێوەم بدەی؟! بەردێکی هەلگرت و دای بە سەریا.

گولان ۲۷۱۳

سەرچاوە:

۱- قصەهای خوب برای بچەهای خوب (۱)، صص ۳۱-۲۷.



کەروێشکی زیتەڵە[1]

نووسینەوە:مێهدی ئازەریەزدی

لە دارستانێکی بژوێن و دڵبزوێندا گیانلەبەرێکی زۆر وەکوو کەروێشک، بەراز، ئاسک، مەیموون و کەڵەکێوی بە بێخەم دەژیان، بەڵام شێرێکیان تووش ببوو زیپی لێیان تەنگ کردبوو. هەموو ڕۆژێ خۆی لێیان مەلاس دەدا و لە پڕێکدا یەکیانی دەگرت و دەیخوارد. لە بەر ئەوەی کەس دەرەقەتی نەدەهات متەقیان نەدەکرد و ژیانیان لێ تاڵ ببوو؛ کەس نەیدەزانی بەیانی کە دێنە دەرەوە گەڕانەوەیان بۆ هەیە یان نا؟

لە ناو دارستاندا کەروێشکێکی زیتەڵە هەبوو کە بۆ ڕزگار کردنی گیانی هاوڕێکانی پیلانێکی داڕشت. هاوڕێکانی کە پیلانەکەیان بە باشی هەڵسەنگاند و زانیان بیرێکی زۆر باشە، قبووڵیان کرد. ڕۆژێک هەموویان کۆ بوونەوە و

١- چیرۆکێک لە «کلیلە و دمنە».

کەرویشکیان کردە نوێنەری خۆیان کە لەگەڵ شێردا قسە بکات. کەرویشک لێی چووە پێشەوە و وتی:

- جەنابی شێر، بە نوێنەرایەتی گیانلەبەرەکانەوە هاتوومەتە خزمەتت قسەت لەگەڵدا بکەم. هەمووان دەزانین لە ئێمە بەهێزتری و لە بەر ئەوەی ناتوانی گژوگیا بخۆی، هەموو ڕۆژێ یەکێکمان ڕاو دەکەیت و ڕۆژی واش هەیە لە بەر ئەوەی هیچت دەس ناکەوێ برسی دەمێنییەوە، هەر بۆیە بێچووەکانمان ناوێرن لە نێو دارستاندا پیاسە بکەن. ئەوا هاتووین ڕێککەوتنێکمان هەبێت بۆ ئەوەی هەردوولا بە ئاسوودەییەوە بژین.

شێر پرسی:

- چ ڕێککەوتنێک؟

کەرویشک وتی:

- بەو مەرجەی لە ناکاودا هێرش نەکەیتە سەر گیانلەبەران، هەر ڕۆژە و لە نێوان خۆماندا یەکێک هەڵدەبژێرین و بۆتی دەنێرین. بەمجۆرە هەموو کات خواردنەکەت ئامادەیە.

شێر وتی:

- زۆر باشە، دەبێ هەموو ڕۆژێ دەمەونیوەڕۆ خواردنەکەم بۆ بێنی، نەکەی دێر بیهێنی، ئەگینا چەرمی چاوتان ڕەق دەکەم.

گیانلەبەرەکان قبوولیان کرد و هەموو ڕۆژێک لە نێوان خۆیاندا یەکێکیان هەڵدەبژارد و لەگەڵ کەرویشک بۆ شێریان بەرێ دەکرد.

ڕۆژێک نۆرەی بەرازەکان بوو، ڕۆژێک کەلەکێوی، ڕۆژێک ئاسک، ڕۆژێک مەیموون و هەتا گەیشتە نۆرەی کەرویشکەکان.

کەرویشکەکان کۆ بوونەوە و تیروپشکیان کرد. ناوی برای کەرویشکەکە دەرچوو. کەرویشکی زیتەڵە کردیە سەر بەردێکدا و وتی:

- هاوڕێیان گوێ بگرن بزانن دەڵێم چی. لە بیرتانە ماوەیێک لەمەو پێش هەمووان لە شێر دەترسان و پێشنیارەکەی من بووە هۆی ئەوەی تا ڕادەیێک بە ئاسوودەییەوە بژین؟

وتیان:

- بەڵێ وابوو، بەڵام ئێستا نۆرەی براکەی خۆتە. دەتەوێ ئەو یاسایەی کە خۆت داتناوە هەڵوەشێنیتەوە؟

کەرویشک وتی:

- بە پێچەوانەوە، دەبێ هەمووان گوێڕایەڵی یاسا بین. من و براکەشم بۆ گیانبازی ئامادەین، بەڵام بیرێکی باشم کردۆتەوە، ئەگەر سەر بگرێ لە دەست شێری زاڵم ڕزگاریمان دێت.

وتیان:

- دە پێمان بڵێ چ بیرێکت کردۆتەوە؟

وتی:

- کەمێ دێر بمنێرن، ئەو کات بە تەنیا دەڕۆم و هەمووتان ڕزگار دەکەم. ئێستا هیچتان پێ ناڵێم ڕەنگە کەسێک بیەوێ خەیانەت بکات. بنەماڵەکەم لای ئێوە دەبن، ئەگەر درۆم لەگەڵ کردن و هەڵاتم، سووک و بێئابڕوو دەبن، هەر وەک کەسانی خەیانەتکار کە ڕووڕەش دەبن.

لە بەر ئەوەی جگە لە خێر و چاکە هیچیان لێی نەدیتبوو بە قسەیان کرد. کەرویشکی زیتەڵە دوای ماوەیێک بەرەوماڵی شێر کەوتە ڕێ. لەو لاشەوە شێر

لەوەی کە خواردنەکەی دواکەوتبوو زۆر تووڕە بوو و لە بەر خۆیەوە چل چل ئەیکوشت و بیس بیس ئەینیا باقە و دەیگوت: دەزانم چیتان بە سەرا دێنم.

لە ناکاو لە دوورەوە کەروێشک دەرکەوت و خەمبار دەینواند. کە لە شێر نزیک بووەوە، ئاو زاییە چاوەکانی و سلاوی کرد.

شێر گوتی:

- ئەوە تا ئێستا لە کوێ بووی؟ بۆ بە تەنیا هاتووی؟ نەکا بڕیارەکەتان پشت گوێ خستووە؟

کەروێشک وتی:

- نا قوربان، دەمەونیوەڕۆ کەروێشکێکی خرپنم بۆ هێنای، بەلام شێریکم لێ ئاسەلا بوو، لە چنگی دەرهێنام. هەرچی لێی پاڕامەوە کە ئەمە خواردنی شێرە، هیچ سوودێکی نەبوو. بە قسەی نەکردم و وتی: شێر چ کەرێکە. ئێرە هەرێمی منە و لە من گەورەتر کەس نیە. دەنگ بکەی دەنگت ئەچنم. زۆریک قسەی ناشیرینی پێی گوتی، گەر دەمتوانی شلەکوتێکم دەکرد، بەلام زۆر بەهێز بوو. هیچم پێ نەکرا. هەلاتم تا بزانم دەبێ چی بکەین؟

شێر کە قۆڕەی سکی دەهات و لەولاشەوە برابەشی بۆ پەیدا ببوو، چاوی پەڕیبووە تەوقی سەری. بە کەروێشکی وت:

- دەتوانی ئەو شێرەم نیشان بدەی؟

کەروێشک وتی:

- بەلێ، لەم نێزیکانەدا لە پشتی دارەکانەوە خۆی شاردۆتەوە.

شێر وتی:

- وەرە با بڕۆین، نیشانی ئەدەم مەنێ ماس چەندی کەرەی پێوەیە.

شێر و کەرۆیشک ڕۆیشتن تا لە دارستان دەرچوون. لە نزیکی تەپۆلکەیێکەوە کە چالاوێکی لێ بوو کەروێشک ڕاوەستا. شێر وتی:

- بۆ ناچیتە پێشەوە؟

کەروێشک وتی:

- زۆر ئەترسم، چونکە لە نێو ئەم چالاوە دایە.

شێر وتی:

- گەوجە، تا من لە پشتتم لە چ دەترسی؟

کەروێشک بۆ ئەوەی زۆرتر تاوی بدا وتی:

- گەورەم، ئاگادار بە چونکە بە دەستیەوە هەڵناکەی.

شێر وتی:

- تۆ نیشانمی بدە و کارت نەبێ.

کەروێشک گوتی:

- شێرەکە لە نێو ئەم چاڵەدایە، بەڵام ناوێرم بێمە پێشەوە.

شێر لە لێواری چالاوەکەدا ڕاوەستا. کەروێشکیش چوو لە بەر دەمیا دانیشت. کە وێنەکەی خۆیانی لە نێو ئاوەکەدا بینی وتی:

- ئەمە هەر ئەو شێرەیە و ئەوەش ئەو کەروێشکەیە کە لە چنگی دەرهێنام.

شێر کە سەیری کرد پێی وا بوو دوژمنە. هەر بۆیە خۆی هاویشتە نێو ئاوەکە تا شەڕی لەگەڵدا بکات. شێرەکە نغرۆ بوو و کەروێشکەکە بە خۆشحاڵییەوە گەڕایەوە لای هاوڕێکانی و موژدەی پێدان کە شێر گەیشتە سزای خۆی.

گیانلەبەران کردیانە پلەزیقان و زانییان کە زۆربەی کـات مێشـک لـە زۆر و بوێری بەکارترە.

ڕێبەندان ٢٧١٢

سەرچاوە:

١- قصەهای خوب برای بچەهای خوب (١)، صص ١٨-١٤.



کەر و گا[1]

نووسینەوە: مێهدی ئازەریەزدی

هەبوو نەبوو، کابرایێکی دێهاتی کەرێک و گایێکی بوو. کەرەکەی هێشتبووەوە بۆ سواری و گاکەی دەبردە جووت کردن.

ڕۆژێک گا کە زۆر هەڕەکیابوو، هاتەوە ماڵ و لە بەر خۆیەوە دەیبۆلاند. کەر لێی پرسی:

- ئەوە چیە هاوڕێ؟ بۆ ئەوەندە خەمباری؟

گا گوتی:

- «دەسم لێی مەدە گش گیانم زامە/ تازە زامێتر داگیە لەم لامە»[2] بە ڕاستی لە ئێوە کلۆلترین.

کەر گوتی:

١- چیرۆکێک لە «نفحەالیمن».

٢- فۆلکلۆر.

- ئەم قسانە چین؟ چ جیاوازییێکی هەیە؟ ئێمە بار دەبەین، ئێوەش بار دەبەن.

گا وەڵامی دایەوە:

- زۆریش جیاوازی هەیە. تەنیا بۆ سواری و بارەبەری ئێوەیان گەرەکە، بەڵام ئێمە دەبێ جووت بکەین، لە دواییشدا تووشیاری قەساب دەبین. ئەمڕۆ ئەوەندە کاریان لێم کێشاوەتەوە وەختە گیانەکەم دەرچێ. نازانم چ گوناحێکم کردووە وام بە سەردا هاتووە؟

کەر زگی پێی سووتا و گوتی:

- دەتەوێ فێڵێکت پێ بڵێم بۆ ئەوەی جووت کردن لە کۆڵت بێتەوە؟

گا گوتی:

- نازانم، دەترسم کەرانەیێکم فێر بکەی قوڕێکی‌ترم بۆ بپێژی.

کەر گوتی:

- نەخێر، ئەوەندەش کەر نیم، بۆیە نامبەن جووتم پێ بکەن. جارێک بە قسەم بکە، تا ئەو جێیەی کە دەزانم هەرچی کاری دژوارە بە گا زلەکان دەیکەن و هەرچێ باشتر مل پانەو کەی فرەتر کارت لێ دەکێشنەوە. بە ڕای من دەبێ خۆت کەیتە نەخۆش و هیچ نەجووڵێی. کەس ناتوانێ بە زۆر کارت لێ بکێشێتەوە.

گا وتی:

- دەی باشە، دارێکم لێ هەڵئەگرن و ڕۆحم چای ئەکەنەوە.

کەر وتی:

- بە ڕای من دوو شەقت تێ هەڵدەن باشتر لەوەیە هەمیشە کارت پێ

بکـــەن. بـــەیانی کـــە دێنـــە ســـەروەختت دەبـــێ لـــە ســـەرزەوی ڕاکشـــێیت و نەجووڵێیتەوە. بەمجۆرە وازت لێ دەهێنن.

گا وتی:

- بە خوا ڕاست ئەکەی، هەرچەند کەری بەڵام ئەمە تەگبیرێکی ژیرانەیە.

بەیانی گا لـە سـەر زەوی ڕاکشـا و دەسـتی کـردە بۆڕەبۆڕ. خاوەنەکـەی هەرچی کرد نەیتوانی هەڵیسێنێ. لـە گەوڕەکـە چـووە دەرەوە تـا بیرێکـی بـۆ بکاتەوە. کەر وتی:

- نەموت! جا بێژە کەر هیچ نافامێ.

پاش ماوەیێک کابراکە هاتەوە و لە بەر ئـەوەی گـایێکی‌تری نـەدۆزیبووەوە کەرەکەی کۆپان کرد و لەگەڵ خۆی بردی.

کەر کە دەچووە دەرەوە بە گای وت:

- لە بیر نەکەی تا شەو هەروا خۆت کەیتە نەخۆش، ئەگینا ئەتبەنـەوە بـۆ جووت کردن.

گا وتی:

- دەستت خۆش بێ. خوات لێ ڕازی بێت.

کابرا کەرەکەی برد و لە جیاتی گا جووتی پێ کرد. کـەر لـە بـەر خۆیـەوە وتی:

- ئەوەیە ئەیژن دەم ڕاوەستێ سەر سلامەتە. خوا خراوت بۆ بکا بۆ خۆت و ڕاوێژت.

کەر هەر ئەکەفتە بیری گا ئەیوت:

- چ کەرێکم بە خوا.

دەمەو نیوەڕۆ کە زۆر ماندوو بوو، لەبەر خۆیەوە وتی: باشتر وایە منیش ئەو فێڵە بە کار ببەم. خۆی پان کردەوە و دەستی کردە سەرەسەر. کابرا دارێکی لێ هەلگرت، بەر بووە گیانی و وتی:

- مەگەر نازانی گا نەخۆشە؟ هیچ نەبێ ئەو گۆشتەکەی هەیە، بەلام تۆ... خەیاڵ ئەکەی ئەو ئالف و ئاوە خۆڕاییە؟ بە خوا کار نەکەی ئەتتۆپێنم.

کەر زانی کە دەرچوونی بۆ نییە، سەری داخست و تا شەو نقی دەرنەهات. شەو کە گەڕایەوە گەوڕ لەبەر خۆیەوە وتی:

- چ کەرێکم. بە دەستی خۆم ماڵی خۆمم کاول کرد. هەر چۆنێ بێت دەبێ کارێک بکەم لە کۆڵ خۆمی بکەمەوە.

گا کە ئەمانەی ژنەفت وتی:

- بەم کارەی کە بۆ منت کرد نیشانت دا ئەوەندەش کەر نیت.

کەر وتی:

- لە گەوڕا خەوتوویت و لە دنیا بێخەبەری. ئەمڕۆ شتێکم بیست، ئەیژیتە ئاگریان نیا جەرگمەوە.

گا وتی:

- ئەگەر چووبیتە جووت کردن ئێستا ئەزانی چیم کێشاوە.

کەر وتی:

- بە پێچەوانەوە، زۆریش خۆشە. بەلام شتێکم بیستووە ناوێرم پێتی بڵێم.

گا وتی:

- هەرچی هەیە بیدرکێنە، ناترسم.

کەر وتی:

- هیچیێ، خاوەنەکەمان ئەمڕۆ لەگەڵ دۆستێکیا قسەی ئەکرد. ئەیوت کـار کردن کەر سەد ئەوەنـدەی گایـە. گاکەیشـم نەخۆشـە. سـبەینێ دەیفرۆشمـە قەساب با گۆشتەکەی زایە نەبێت. باوەڕ بکە نەمدەویسـت کـلاو بنمـە سـەرت. نەمدەزانی ئەمەی بە دواوەیە. ئەگەر ئەتەوێ چەند ڕۆژێ‌تر بخەوە.

گا «ڕەنگی بوو بە جاوی سپی» و وتی:

- نەخێر، هەر ئەمڕۆ بەسە. هەر دەمزانی دەمنیتە هەڕگ.

کەر هەناسەیێکی هەڵکێشا و وتی:

- خۆت ئەزانی، جووت کردن زۆر خۆشە.

گا وتی:

- خۆم ئەمزانی، کلاوت نایە سەرم.

کەر وتی:

- ئەوەیە ئەیژن خاسیکەرە خۆڵ بە سەرە. هەر دەمزانی وەک نیسک بـەر و پشتت بۆ نییە.


بەیانی کابرا گای دا بەر و بە کوڕەکەی وت:

- تۆش گاواسـنێک ببەسـتە کەرەکـە و کـاری پـێ بکـە. چێوێکشـی لـێ هەڵگرە با خۆی کەر نەکات!

ڕەشەمە ۲۷۱۲

سەرچاوە:

۱- قصەهای تازە از کتاب‌های کهن.



شوکور بۆ خوا لێرەدا چیرۆکەکان تەواو بوون و ئـەنوەر وازی لێم هێنا. دە بابە بە خوا، بە پیر، بە پێغەمبەر فێڵـەباز نـیم. خەڵک بوختانم بۆ دەکەن. بە خودا ئەم ژیانە وای لێکردووم بە فێڵەباز بەناوبانگ بم. تا ئەو جێیەی دەزانم لە بنەماڵـەی ئێمەدا کەسمان نەبووە جامقولیباز بێ. ئیتر نازانم ئەنوەر ئەم ناوەی لە کوێ هێناوە و وەکوو تەوقی لەعنەت خسـتوویەتە ملم. پرکێشی ناکەم لە ماڵ وەدەرکەوم، هەرکەس دەمبینێ تیتاڵیم پێ دەکا. ئەگـەر خـەمی نـان لێمگـەڕێ زۆری پـێ ناچێ منیش وەکوو ئاژەڵانیتر بەختـەوەر دەبم. ئـەو کـات کەس ناوێرێ خراپ سەیرم بکات. مامۆستا قانع وتەنی:

ڕێــوی نــانی بــێ شــێرێ تــەواوە
شــێر نــانی نــەبێ پشــتی شــکاوە

فەرهەنگۆک

برابەش: هاوبەش لە ماڵی دنیادا

بژوێن: زەمەند، مێرغوزار

بەراز: یەکانە

بێلاسن: پێمەڕە، خاکەناز

پسکەپسک: بە شێنەیی، بەکاوەخۆ

پلەزیقان:شایلۆغان

پەژیوان: پەشیمان

تامسار: تامی ناخۆش

تەرچک: تورت

تەلیس: گۆنی

تەمادەر: چاوەڕێ، چاوەڕوان

تەوس: پلار، توانج

تیتاڵی: قەشمەری کردن

جامقولیباز: فێڵەباز

جواڵە: هەگبە

چاڵەکە: گۆڕهەڵکەنە

چۆڵەوانی: چۆڵگە

چەمەڕا: وشەیێکی هەورامییە، چاوەنواڕ، چاوەنۆڕ، چاوەڕێ

خرپن: قەڵەوی کورت

خوێناوڵ: خوێناوی

خومچی: دەبباغ

دەعبا: جانەوەر

زەردەلە: لاواز، لەڕ، ڕووتەڵە، ڕەقەڵە، ڕیوەڵە

زەڕنەقووتە: بێچووی تازە هەڵهاتوو لە هێلکە.

سمنج: گەوج، گەمژە، لاژگ، گێل

شالاو: هێرش بردنە سەر شتێک یان کەسێک

شەتەک‌دان: توند بەستن

قوڕمساخ: وشەیێکی تورکییە، جۆرە تەوهینێکە

کاڵفام: گێژ، وڕ

کلکەسووتە: زمانلووسی

کووپە: گۆزە

کەرانە: باج سمێڵ

کەڵەمە: گوریسێکە لە کاتی جووت‌کردندا بە ملی گاوە دەیبەستن.

کۆڵەشەڕ: جۆرە تەوهینێکە، قەشقە، کۆڵە نەهامەت

گوێڕایەڵ: فەرمانبەر

گەلەکۆمە: هێرشی بەکۆمەڵ بۆ سەر شتێک یان کەسێک

مافوور: قالی، ڕایەخ

ملەتاتکێ: قاسۆ کێشانن

نغرۆ: خنکاو

هەڕەکیان: ماندووبوونی زۆر

هەژگ: دڕک، دڕوو

هەڵتووتان: هەڵترووشکان

هێشخان: ژووری کەلوپەل و ئازووخە لە کۆندا و بڕێ جار لەوێدا خواردنیان دروست دەکرد.

پاشکۆ

ئاوی دا بێخیا: واتە هەمووی خوارد و هیچی نەهێشتەوە.

ئاخ و ئۆخیان لێ بڕی: زۆر لێدان لە کەسێک هەتا دەمی مردن.

ئەم دڕکە لە ژێر پات دەرتێرم: تۆڵەت لێ دەکەمەوە.

بای بالیان بڕی: زۆر لێدان لە کەسێک هەتا دەمی مردن.

بە دەستیەوە هەڵناکەی: پێی ناوێری.

پاییزەبرا: مەبەست ئەو کەسانەیە زۆر بە دەگمەن بۆ شوێنێک دەچن کە بەرانبەرەکەی لە فارسیدا «ستارەی سهیل»ە.

تا چەرمت ڕەق نەکەم وازت لێ ناهێنم: جۆرێک هەڕەشەیە

تفت هەڵخستبا لە ئاسمانا ئەیبەست: یانی هەوا زۆر سارد بوو.

تف لە دەمیا وشک بوو: یانی زۆر ترسا.

چاوی پەڕییە تەوقی سەری: یانی زۆر تووڕە بوو.

چلچل ئەیکوشت و بیس بیس ئەینیا باقە: لەبەرخۆوە هاشە و هووشە کردن

چەرمی چاوتان ڕەق دەکەم: جۆرێک هەڕەشەیە

چەقۆت لێ بدا خوێنی دەرناهات: یانی زۆر نارەحەت بوو.

خاسیکەرە، خۆڵ بە سەرە: مەبەست ئەوەیە کەسێک چاکەیێک بۆ کەسێکیتر بکات، بەڵام تووشی کێشەیێک بێت.

خوا گەرەکی بێت ڕزق قالاوێک بگەینێ، کەرێکی بۆ ئەتۆپێنێ: مەبەست ئەوەیە خودا بیەوێ ڕزقی کەسێک بگەینێ بە هەر شێوەیێک بووە، دەیگەینێ.

خولته کردن: پێدا هەڵگوتن، تاریف کردن و هەڵشاخاندن بە کەسێکدا.

داریان دا بە ڕۆحیا: زۆر لێدان لە کەسێ هەتا دەمی مردن.

دەسەسەر کردن: لە کۆڵ خۆ کردنەوە.

دەمی بووە تەڵەی تەقیو: دەستەواژەییکی کوردیە یانی نەیتوانی هیچ بڵێت.

دەنگ بکەی دەنگت ئەچنم: جۆرێک هەڕەشەیە

ڕۆح کەسێ چای کردنەوە: زۆر لێدان لە کەسێک هەتا دەمی مردن.

ڕەنگی بوو بە جاوی سپی: یانی زۆر ترسا

ڕێخ لە نێو کلاشماندا نیە: واتە دوو ڕوو و فێڵەباز نیم.

ڕێوی تا قەباڵەی خۆی خوێند پێستیان کەند: ئامازەیە بۆ ئەو کەسانەی تا بێتاوانی خۆیان بسەلمێنن، تووشی کێشەیێک ببن.

زیپی لێیان تەنگ کردبوو: ژیانی لێیان تاڵ کردبوو

سەربەنێ گرێ دان: یارمەتی دانی کەسێک

شلە کوت کردن: دەستەواژەییکی کوردیە بە مانای لێدانی کەسێک.

شواڵ کەوتە دەرقاچی: بریتیە لە کەسێک کە بە هۆی کارێکەوە ئابڕووی چووبێ.

قوشقی بوون: تووڕە بوون.

کتک ئەخەمە شواڵت: جۆرێک هەڕەشەیە

کولە گرتن: خۆ مەڵاس دان.

کەڵەمەت دەجەڕنم: جۆرێک هەڕەشەیە.

کەوتنە گوو خواردن: ئامازەیە بۆ کەسانێک کە گاڵتە بە کەسێک دەکەن، بەڵام کە تووشی گرفتێک دەبن داوای یارمەتی لێ دەکەن.

گوو بە کڵاوی کەسێک نەپێواندن: بە هیچ نەگرتن.

لە گون گا ڕووتترە: مەبەست ئینسانی هەژارە.

لێو لە بان دەمیەوە ڕەق بوو: یانی زۆر ترسا.

نیشانی ئەدەم مەنێ ماس چەندی کەرەی پێوەیە: جۆرێک هەڕەشەیە

وەک نیسک بەروپشتی بۆ نییە: ئامارەیە بۆ ئینسانی دووڕوو کە هیچی لەبەرچاو نەبێت.

سه‌رچاوه‌کان:

۱- آذریزدی، مهدی، قصه‌های تازه از کتاب‌های کهن، چاپ یازدهم ۱۳۸۳.

۲- آذریزدی، مهدی، قصه‌های خوب برای بچه‌های خوب (۱) داستان‌های کلیله و دمنه: بازنویس: مهدی آذریزدی، انتشارات امیرکبیر چاپ اول ۱۳۸۸.

۳- آسمند، علی و خسروی، حسین، افسانه‌های چهارمحال و بختیاری، انتشارات ایل، چاپ اول ۱۳۷۷.

۴- بهرنگی، صمد و دهقانی و بهروز، افسانه‌ها و قصه‌های آذربایجان، چاپ اول ۱۳۸۲.

۵- درویشیان، علی‌اشرف و خندان (مهابادی) رضا، فرهنگ افسانه‌های مردم ایران جلد (۶)، انتشارات کتاب و فرهنگ، چاپ اول ۱۳۸۰.



پەند و قسەی نەستەقی کۆمێدی کە بە زاری ڕێوییەوە وتراوە شتێکی تایبەت نییە بە گەلی کورد و هەر ئەم گەلە نەبووە کە ڕێوی بە فێڵەباز و زۆرزان بزانێ بەڵکوو لەناو گەلانی جیهاندا زۆر حەکایەت و پەندی کۆمێدی بە زاری ئەم گیانلەبەرەوە وتراوە، واتە لە کەلەپووری زۆر نەتەوەی تردا هەمان تێڕوانین بۆ ئەم گیانلەبەرە هەیە. وەکوو نەتەوەی عەرەب و گەلانی باشووری ئەورووپا.

وتیان ڕێوی چەند پەند دەزانی؟

وتی: نەوەد و نۆ، چاکترینیان پێچ کردنەوەیە.

انتشارات علمی کالج

College Scientific Publication

9 786007 168080